# ڕێگای بەهەشت

بە هۆنراوەو پەخشان

## ئادابی بەڕێ کردنی موسوڵمان بە ڕێگای بەهەشتی پیرۆزدا


دانراوی

مەلا عبدالکریمی مدرس





چاپخانەی ئیرشاد ـ بەغداد

١٤٠٦هـ ـ ١٩٨٦م

# ڕێگای بەهەشت

بە هۆنراوەو پەخشان

**ئادابی بەڕێکردنی موسوڵمان بە ڕێگای بەهەشتی پیرۆزدا**

دانراوی

مەلا عبدالکریمی مدرس


**چاپخانەی ئیرشاد ـ بەغداد**

١٤٠٦هـ ـ ١٩٨٦م

## بسم الله الرحمن الرحيم

به ناوی زاتی خوای پەروەردگار
پەروەردگاری بێ گیان و گیاندار
بەخشندەی شوعوور به گیانداران
بۆ خۆشی ژیان له ڕۆژگاران
تا خواستت بێ ئەژین به خۆشی
که خواست نەما گیانیان ئەکێشی
یانێ به توولی ڕووی ڕۆژگاران
گیان ئەمانەته لەلای گیانداران
درووود بۆ گیانی پاکی پێغەمبەر
یانی ( محمد ) شەفیعی مەحشەر
هەم لەبۆ گیانی هەموو یارانی
به گیان و به مال فیداکارانی
بو ئەهلی بەیتی ناو خانەدانی
بۆ ئالی بەرزی هۆشمەندانی
بۆ پەیرەوانی به یاسای ئیحسان
له نەوعی پەری و له نەوعی ئینسان
ئەمجا براکەم ئەم شیرین نامە
وەربگرە له من بۆ وەفات نامە
چی تیا نووسراوه یاسای مردووه
واجیبی زیممەی شەخسی زیندووه

فەرزە لەسەری کە بەجێی بێنێ
نەوەك لای خودا سەر دانەوێنێ

## گەلێ پێویستە ئینسان هوشیار بێ لە مردن

گەلێ پێویستە ئینسان هوشیار بێ
تا بەختیار بێ ئەر خودا یار بێ
ئینسانی هوشیار بێشك ئەزانێ
ئەبێ هەر دەرچێ لە ڕووی جیهانێ
دەی وەها دەرچۆ خاوەن شەرەف بی
تاجی عیززەتی سەری سەلەف بی
کەلەدایك بووی بە بەهرەمەنی
تۆ ئەگریایتو دۆست پێ ئەکەنی
کردەوەت وابێ کاتی کە ئەمری
تۆ پێبکەنی کە دۆستت ئەگری
دونیا مەزرەعەی کردەوەو کارە
جیهان مەنبەعی خەیری هوشیارە
ئەو کەسە بەڕێی عەقڵدا ئەڕوا
کە ئاوو خاکی بەزایە نەڕوا
هاوین تێکۆشێ تا کاتی زستان
خانووی بۆ ببێ بە باخو بێستان
ڕەنجە واسیطەی گەنجی دونیایە
گەنجیش شایستەی شەخسی وریایە

پیویستە ئینسان بۆ دین و دونیا
بە شەوو بە ڕۆژ وریا بێ وریا
ئینسان پێویستە حالی وەها بێ
بە یادی خوا دڵی ئاوا بێ

## زیکری خواو وەصییەت

زیکری حەق بە دڵ کاری مەردانە
ڕێکیی دەم و دڵ بەهرەی مەردانە
گەلێ بەسوودەو نافیعە لەبۆی
بیرکردنەوەی لە مردنی خۆی
هەتا ڕووبکا بەلای خوداوە
گیرۆدە نەبێ بە لای دونیاوە
ئەو ئینسانەیە بەحەق هوشیارە
لە پاشەڕۆژی خۆی خەبەردارە
ئاگای لە خۆی بێ بۆ قەرزو قۆڵە
تا دانەمێنێ لەو چاڵە چۆڵە
واجیباتی خۆی لە نەزەرا بێ
وەسیەت نامەی لە لای سەرا بێ
هەر ئەمانەتێ وا بەلاتەوە
وەصیی بۆ بگرە زوو بیداتەوە
تا ببەنی نەخۆش لەسەر خەتەرە
ڕێبوارێکە لەسەر سەفەرە

# وەصی یەت

زۆر باشە ئینسان بە تەن‌دروستی
کاتی هوشیاری‌و ساغی‌و سەربەستی
بەشی خۆی دانێ لە بۆ قیامەت
نەوەك کوتوو پڕ بمرێ بە مەینەت
سێ‌یەکی مالی بکا بە ئیحسان
هەرکەس پێی ئەگا لە نەوعی ئینسان
میقداری دانێ لەبۆ ئەوانە
کە دێن بۆ پرسە ئەوچەند رۆژانە
ئەوەی ئەخوێنێ سوورەی ( فاتیحە )
نەك لەبۆ ژنی لەقەب ( نائیحە )
تا ئەگەر یەکێ نانێکی بخوا
حەرام نەبێ بۆی بە شەرعی خوا
لای ( ابن حجر ) ئەمە ڕەوایە
باقی فوقەهایش باوەڕیان وایە

وەسیەت کـردن بـە خێرات بۆئەوە کـە ئینسان خێری کاتی ژیانی بگەیێنێ بە کاتی مردنی مەندووبەو کارێکی شـــەرعی‌و پـەسەندە • لـە حەدیثی صەحیحدا هەیە کە حەقی موسولمان ئەوەیە لـە ماوەی شـەوێك‌و دووشەوا ماڵ نەبێ لـە وەسیەت کـردن • لەواقیعا مـردن زۆر نزیکە لـە ئینسانەوەو نازانێ کەی ئەمرێ • کـەواتـە دەربڕینی خێراتی خۆی بۆ پاش مردن زۆر ئیحسانە ، وەسیەت واجبە لەسەر یەکێ

قەرزی لەسەر بێ ، یا ماڵی ئەمانەتی خەڵکی لا بێ • هەروا واجبە یەکێ بکا بە سەر وەسیەتی خۆی بۆ دانەوەی قەرزو ، بۆ تەسلیم کردنەوەی ماڵی ئەمانەتی بە خاوەنەکەی و،بۆ تەمێ و تەربیەی منداڵەکانی ئەگەر بۆی مومکین بێ ، بەمجۆرە ئینسانێکی صاڵح بێ لەو شوێنە • وە سونەتە وەصیەت بکا بە خێرات هەتا سێ یەکی ماڵی ، هەروا لە (ابن حجر)دا هەیە کە گەلێ لە فوقەها فتوایان داوە بەوە کە دروستە وەسیەت بکا بە ئەندازەیەک لە ماڵی خۆی بۆ خواردەمەنی ئەوکەسانە کە دێن بۆ پرسە ، وە بە یاسای شەرعی پرسە ئەکەن ، نەک بۆ ئەوکەسانە کە بانگ هەڵئەدەن ، یا ئەو ژنانە کە مردوو ئەلاوێننەوە ، وەسیەت بۆ ئەوانە حەرامە • ئینسان پێویستە ئاگای لەم ئەحکامە شەرعییانە بێ •

## یاسای ئینسانێ نەخۆش بکەوێ

کەسێ نەحوش کەوت با دڵی شاد بێ
دڵی لە حوببی دونیا ئازاد بێ
ئەمرۆ یا سبەی لا هەر لای ئەوە
هیوای بە خوا بێ پەنا هەر بەوە
با لە دەمیا بێ تۆبە لە تاوان
خێرات دابنێ لەبۆ داماوان
نەخۆش نەخۆشی تەمەنی پیری
بە غەیری مردن نییە دەس گیری
لەسەر سەعاتە مانەوەی ئینسان
پیرۆزی ئینسان هەر خێرەو ئیحسان
لە نەخۆشینا قورئان بخوێنێ
بۆ زیکری خودا زمان هەڵبێنێ

له نەخۆشینا سەد « قل هو الله »
مایەی نەجاتە بە ئیزنی الله
خۆشە خاتیمەت وەها بێتەجێ
بە ( لا اله الا الله ) ببێ

## سەردانی نەخۆش

سەردانی نەخۆش سوننەتی دینە
یاسای ڕەهبەری خاوەن تەمکینە
هەر لە ئەوەلی نەخۆشینەوە
هاتوچۆی بکەی بەتەمکینەوە
ماوەی دانیشتن سوننەتە کەم بێ
نەك دلی نەخۆش موبتەلای خەم بێ
وتارێ نەلێن ببێ بە موشکل
ببێ بە ئەساس بۆ تاریکی دل
پێی بلێن برا هەرچەن ناساغی
بە ڕەنگی ڕوخسار وەکو گولباغی
خودایش کەریمە بەخشندەو سەتتار
ئەبەخشێ تاوان لەسەر تاوانبار
با دلی ڕێك بێ لەگەل خودادا
نەڕوا بە بێسود لەگەل هەوادا

سوننەتە ئینسان ئەوەندەی پیی بکرێ بیر لەمردنی خۆی بکاتەوە بوئەوەی کە خۆی لە کردوەی ناڕەوا دووربخاتەوە ، پێویستە بۆ

نەخوش وەسیەت بکا بۆ ئەوکەسانە کە نزیکن لێیەوە ، وە باوەریان پێئەکا لەبارەی قەرزوقۆڵەوە کـە لەسەریەتی وە ئـەو ئەمانەتانـە کـە دراونەتە دەستی ، وە یەکێ دیاری بکا بۆ دانەوەیان ، وە ئەگەر قەرزی لەسەر خەڵك بێ باسی بکا وە سوننەتە دەمی بە ناوی خـوداوە بێ • وە غافڵ نەبێ لـە ناوی خوداو لا اله الاّ الله زۆر بخوێنێتەوە ، وە سەدجار سوورەتی قل هو الله بخوێنێتەوە •

کەوتە حالی خۆی حازر بن لە لای
هەرکەسێ رێکەوت لە خزمو برای
یاسین بخوێنن چەند جار لەسەری
ئەمری پێغەمبەر هاتوە لەسەری
قورئان بۆ زیندوو مردو بە سوودە
کەلامی زاتی خودا مەقصوودە
وشەی شەهادەت بخەنە یادی
بەڵکو بۆی ببێ بەهۆی دڵشادی
وشەی شەهادەت بڵێن لەلایا
با ئەویش بیڵێ لەگەڵ برایا
دڵی تێك مەدەن بە تاوی گریان
با سیەی نەبێ بە قیمەی بوریان
جا لە پاش مەرگی هەرکەسێ بگری
قەیناکا هەرچەند چاترە صەبری

عەیادەت واتە چوونەلای نەخۆش سوننەتە ، بـا چاوێشەشی بێ ، وە

سونەتە کەم دابنیشێ با نەخۆشەکە دڵی مەلوول نەبێ ، لە عەیادەتا فەرق نی‌یە لەبەینی ناسراوو نەناسراو و خزمو بێگانەدا ، هەتا سونەتە عەیادەتی ئەهلی ( ذمة ) لـە جوولەکەو گاور بەمەرجێ دراوسێ بن ، یا علاقـەو پێوەندیان لە گەڵدا بێ ، بەڵێ ئەم عەیادەتـە بۆ خـزمو براو دۆسـتو ئینسانی خاوەن قیمەتی ئایینی لـە دونیا ئەلێ خێری زیاترە ••••

سونەتە نەخۆش بڕوا بۆلای دوکتۆر • وە دەرمان وەربگرێ • بەڵکو لە ئەلێ کاتا تەداوی واجبە ، وە تەرکی ئەبێ بەهۆی تاوانباری ، وەکو ئەوە کابرای نەخۆش ببێ بەهۆی ڕزگاری کۆمەڵێ لە بەڵایەك یـا لـە نەزانین یا ئەمانەتی خەڵکی لـە لا بێت وە بەپەلە بۆی ئەدرێتەوە بـە خاوەنەکانیان •

وە سونەتە ئینسانی نەخۆش زمانی بە ناوی خوداوە بێ وە سەد جار سوورەتی قل هو الله احد بخوێنێتەوە ، وە زۆر جار لا الـە الا الله بڵێت ، وە سونەتە گومانی بە خوای تەعالا باش بێ وە هیوای میهرەبانـی بێت ، وە کاتێ وەزعی بەباری فەوتانا گۆڕا سـوورەتی یاسـین بخوێنن بەسەریا ، چونکی حەدیثی پیرۆزی لەسەرە وە سونەتە بۆ ئەوکەسـانە وان بەلایەوە ، خۆیان لا الـە الا الله بڵێن با ئەویش لەگەڵ ئەوانا بیڵێ ، چونکی فەرموودەی حەزرەتە (ص) هەرکەسێ ئاخر وتاری لا الـە الا الله بێ ئەوە ئەڕواتە بەهەشت • ئەمانەی باسمان کرد هەندێکن لە سونەتی کاتی نەخۆشی •••

## یاسای پاش گیان دەرچوونی مردو

پاش مەرگ دەسبەجێ خزمو براکەی
بنێن بە یەکا دەمو چەناکەی

بنێن بەیەکا پێڵووی چاوانی
هەتا نەگۆڕێ شێوەی جوانی
بە دەسرۆکەیێ سەرو چەناکەی
پێکەوە بەستن بزانە تا کەی
ئەعزای ڕاکێشن هەتاکو گەرمە
چون لەو سەردەما بەدەنی نەرمە
جا پۆشاکەکەی لابەن لەبەری
چون یەك حەوایە قەبری ئەنوەری
جلێکی سوکی بدەن بەسەرا
لە بەرزی داینێن لە ماڵ یا دەرا
ئەگەر مایەوەو نەبرا بۆ حەمام
لەبەر مانیعی لە چەرخی ئەییام
با شتێکی قورس لە کێشی ئەوا
لەسەر سکی بێت بۆ مەنعی هەوا
بەلای ڕاستەدا یا بەلای چەپ بێ
یا بە قەفادا ڕووی لە قیبلە بێ
ئیعلانی وەفات لەسەر جەوازە
موسوڵمانان دێن بۆ سەر جەنازە
دوروستە ماچی ڕوخساری مردو
بۆ بێگانەو خزم بە بێ یەکو دوو
پەلەپەل بکەن بۆ ئەدای قەرزی
لەبۆ تەنفیذی وەسیەتی بەرزی

ئەگەر ڕێ نەکەوت ئیزن بخوازن
لە خاوەن حوقوق ئەوسا موجازن
تا ئامادە بن بە ئەرجومەنی
بۆ غوسڵو نوێژی بۆ کفنو دەفنی

کاتێ مردو گیانی دەرچوو زووبەزوو تا لەشی نەرمە چاوەکانی بنێن بەیەکا ، وە جمگەکانی لەشی نەرم بکرێن ، بەوجۆرە کە باسکی برێتەوە بۆلای ڕانی ، جا ڕاست ڕایبکێشن • وە بە دەسرۆکەیێ چەناکەی ببەسرێ بەسەریەوە ، وە بەرگەکانی هەموو لەبەر دابکەن • وە لەسەر شوێنێکی بەرز ڕای بکشێن ، وە شتێکی قورس لەسەر سکی دابنرێ ، وە ئەوکەسەی کە ئەم ئیشانە ئەکا ، ئەبێ مەحرەمێك بێ لە مەحرەمەکانی زیاتر میهرەبان بێ ، وە پاش ئەوە دەس بکرێ بە شۆردنی مەگەر شەهیدی جەنگی کافران ، ئەوە شۆردنی دروست نی یە ، بە شەرع ڕەوایە کە ئینسانی خزم یا بێگانە ، ڕوخساری مردوو ماچ بکا ، وە ڕەوایە خەبەر بدرێ بە مردنی ئەو کەسە ، بۆئەوە خەڵکی خۆ ئامادە بکەن بۆ نوێژ لەسەر کردن ، وە ڕەوانە کردنی بۆ سەرقەبران •

پێویستە ئەگەر مەجالیان بێ لە پێش ڕێخستنی مردووەکەدا قەرزو حوقووقێ کە لەسەریەتی بدرێتەوەو وەسییەتەکانی جێبەجێ بکرێن ، ئەنا ئیزن بخوازن لە خاوەن حوقووق با مردووەکە تەجهیز بکرێ ئەوسا حەقی قەرزارو وەسییەت جێبەجێ بکرێن •

هەروا ئەو حوقووقانە کە بەسراون بە عەینی ماڵی کابرای مردووەوە، وەکو حەقی زەکات ، وە کرێ خانووی دانیشتن بۆ ئەو ژنانەی کە عیددەی وەفاتیان لەسەرە و وێنەی ئەمانە فەرزە لەپێش تەجهیزی

مردوەکەدا جێبەجێ بکرێن مەگەر ترسی گۆڕانی مردوەکەمان ببێ ئەوە لەم کاتەدا تەجهیز پێش ئەخرێ •

وەکو نەفەقە تەجهیزی مردوو
بڕیار دراوە بە بێ یەکو دوو
کەوابێ فەرزە لەسەر مێردی ژن
تەجهیزی بکا چ تۆ بێ چ من
بۆ مردووی بێ کەس فەرزە بە کەمال
تەجهیزی لەسەر مالی « بیت المال »
« بیت المال » نەبوو لەسەر دەولەمەن
فەرزە تەجهیزی برای مؤتەمەن
یانی شۆردن و کفن و نوێژەکەی
جا دەفنی جەسەی حەسرەت ڕێژەکەی
فەرزی کیفایەن ، واجبی عامن
لە واجباتی دینی ئیسلامن
ئەگەر هەریەکێ لە ئارادا بێ
فەرزی عەینە بۆی دلی ئاگا بێ

تەجهیزی مردوو لە سەر یاسای نەفەقە ئەڕوا • ئەگەر مردوەکە گەدا بوو لەسەر ( بيت المال ) ئەگەر (بيت المال) نەبوو لەسەر دەولەمەندە • هەستان بەو واجباتە فەرزی کیفایەیە ، هەرکەسێ بیکا لە ( ذمە )ی هەموو کەس دەرئەچێ ، وە ئەگەر هەریەکێ لەو شوێنەدا بوو ئەوە فەرزی عەینە لەسەری •

لەسەر دەستووری ئیسلام حەرامە
غوسڵو کفنو نوێژ بۆ شەهید مامە
سوننەتی دینە دەسیان لێ نەدەن
لە بەرگی خۆدا دفنیان بکەن
مەبەس لە شەهید ئەی برای دڵدار
کوژراوی جەنگە بە دەستی کوففار
لە خەستەخانە بریندار بمرێ
غوسڵو کفنو نوێژی بۆ بکرێ
لە لای ئیمامی ئەعزەمدا وایە
کوژراوی جەنگی باغی وەهایە
هەروا کوژراوی ( قطاع الطریق )
جەردەی ڕێگەگر بزانە تاقیق
یا کوژراوی دز لە کاتی شەوا
هەموو شەهیدن لە حوکمی ئەوا
شۆردنیان نی یەو نوێژیان فەرزە
تەقلیدی بکەن واتەکەی بەرزە
لە لای شافیعی بە قەولی جەدید
نوێژ ڕەوا نی یە بۆ مردووی شەهید
ئەوەی کە ئەڵێن حەزرەت نوێژی کرد
لەسەر شوهەدای واقیعەی ( اُحُد )
ئەڵێ لەو نوێژە مەبەس دوعایە
نەک نوێژی مەشهور برای بەمایە

بەچکەی لەبارچوو پاش حەیات بمرێ
ئەبێ تەجهیزی جێ بەجێ بکرێ
شۆردنو کفنو دەفنی واجیبە
هەروەها نوێژی لە مەتالیبە
ئەگەر نیشانەی حەیاتی نەبێ
بەڵام سوورەتی ئینسانی هەبێ
نوێژی ناکرێ بەڵام ماباقی
یانی کفنو دەفن فەرزە بەتاقی
ئەگەر سوورەتی ئینسانی نەبوو
بیپێچنەوە دفنی بکەن زوو
هەر ( عضو )ێکت دی لە لەشی مردوو
نوێژو کفنو دفن واجبە هەموو
کە غوسڵی واجیب ئیمکانی نەبوو
( تیمم ) فەرزە بیکەن زووبەزوو
مەسحی ڕوخسارو دوو دەستی مردوو
لەگەڵ نییەتا بە بێ یەکودو

بزانن مردوو کە شەهید بێ شوردنو کفنو نوێژ لەسەرکردنی حەرامە ، لەسەر بیروباوەڕی ئیمامی شافیعی خوای لێ ڕازی بێ ، وە هەر لە بەرگو پۆشاکەکەی خۆیا بە بێ دەستلێدان دەفن ئەکرێ ، وە شەهید بەوکەسە ئەڵێن کە لە جەنگی کافرانا بکوژرێ ، جا ئەگەر لە جەنگا بریندار کراو لە خەستەخانەدا مرد ئەوە وەکو مردووی عادەتی وایە شۆردنو کفنو نوێژو دەفنی واجبە ، وە ئەو قسە کە مەشهوورە گۆیا

حەزرەت نوێژی لەسەر شەهیدەکانی واقیعەی ( اُحُد ) کردوە ، ئـەوە مەبەس لەو نوێژکردنە دوعابۆکردنیانە ، ئـەنـا بەقـەطعی نوێژی بۆ نەکردوون ..

بەڵام لەسەر بیروڕای ئیمامی ئەعزەم ( ابو حنیفه ) خـوای لـێ ڕازی بێ ، ئەوە لە شەهیدانە کە ناشۆرێنو کفنیان بۆ ناکرێو لە بەرگی خۆیانا دەفن ئەکرێن بەڵام نوێژ لەسەرکردنیان واجبە وەشـەهید لـە مەزهەبی ئەم ئیمامەدا وەکو بە کوژراوی جـەنگی کافران ئەوترێ بـە کوژراوی جەنگی کۆمەڵی یاخی‌یان ( بغـاة )و چەتە ( قطـاع الطریق ) و ڕێگرو یەکێکیش ئەوترێ دز بێتە سەریو بیکوژێ • ئەمانە شەهیدن وە شۆردنیان نی‌یە ، بەڵام نوێژیان لەسەر ئەکرێ ، وە منداڵی کە لەباربچێ ئەگـەر لەپاش زینـدوێتی مردوە ئەوە وەکـو مـردووی دەرەوە وایە ، شوردنو کفنو نوێژو دەفنی واجبە ، وە ئەگەر نیشانەی حەیاتی نەبێ ، بەڵام شێوەی ئینسانی تیدابێت ئەوە نوێژی لەسەر ناکرێ بەڵام شـوردنو کەفنو دەفنی واجبە ، وە ئەگەر شێوەی ئینسانی تیا نەبوو ئەوە بپێچنەوە لـە پارچەیێکو دەفنی بکەن ئیتر غوسڵو نوێژی نیـە ،

ئەگەر (عضـو)ێک لـە ( اعضاء )ی یەکی لە موسوڵمانانی خۆمانمان دیت ، ئەوە واجبە وەکو مردووی تەواو بشۆردرێو کفنو نوێژی بکرێ ، ئەگەر مردوو وای بەسەرا هـات کـە شۆردنی لـەتوانادا نـەبوو ئـەوا پێویـستە (تیمم)ی بکرێ ، بەمجۆرە یەکێ دوو جار دەست بدا بە زەویداو نیەتی ( تیمم ) بێنیو ڕوخسارو هەردوو دەستی مردوەکە مەسح بکا • پێویستە ئینسانی موسوڵمان ئاگای لەم یاسایانە بێو ڕەفتاریان پێ بکا •

## شۆردنی مردوو

شۆردنی مردوو بە یاسای ئیسلام
ئادابی هەیە بیزانن بەعام
ژن ژن بشۆرێ ، پیاویش پیاو
سوننەتی دینە ئەی برای خۆشناو
پیاو بۆ ژنی خۆی یا ژنی مەحرەم
هەم عەکسی ئەمە باشە خاترجەم
شۆردنی کوڕو کچانی منداڵ
لەبۆ ژنو پیاو ڕەوایەو حەڵاڵ
ئەگەر هەر تەنیا نامەحرەم ببێ
ژن بۆ غوسلی پیاو پیاو لەبۆ ژن بێ
لەم کاتا شۆردین تاوانەو حەرام
( تیمم ) فەرزە بە یاسای ئیسلام
ئەمە ( أصح )ە بەڵام بە ( صحیح )
غوسلی دروستەو نابێ بە قەبیح
بەم مەرجە زیندوو بۆ کابرای مردوو
( قطعا ) نەڕوانێ ئەگەر قابیل بو
کە هاتو شۆردی کافی‌یە کافی
با کافریش بێ بە واتەی سافی
لەبۆ ( تیمم ) نیەت پێویستە
بە جۆرێ بیسنت کافی‌یەو بەستە

## ئەبێ بە جێگر بۆ شۆردنی ئەو
## یاسای ئیسلامە بە نورو پڕتەو

شۆردنی مردوو پیاو یا ژن گەورە یا بچووك فەرزە لەسەرمان پێویستە ژن ژن بشۆرێو پیاو پیاو ، بەڵام بۆ مردوویێ کەمناڵ بێ کوڕ بێ یا کچ دروستە پیاوو ژن بیانشۆرێ مادام نەگەیشتبن بە تەمەنێك ئارەزووی نەفس بۆیان بڕوا ، هەروا دروستە بۆ پیاو ژنی خۆی بشۆرێ ، وە ژن مێردی خۆی بشۆرێ ، وە پیاو دایكو خوشكو کچو پووری خۆی بشۆرێ • وە ژن باوكو کوڕو براو مامو خاڵی خۆی بشۆرێ • (الحاصل) شۆردنی مەحرەم دروستە بۆ پیاوو ژن ، ئەگەر هەر نامەحرەم هەبوو نەیشۆرێ بەڵکو ( تیمّم )ی مردووەکە بکەن • ئەگەر وا هەڵکەوت نامەحرەم شۆردی ، قەناعەت ئەکرێ بەو شۆردنە مادام ڕەسا بێ ، حەتتا با ئەو نامەحرەمە ئینسانێکی کافر بێ ؛ چونکی شۆردنی مردوو نیەتی نی‌یە تا بڵێین کافر خاوەنی نیەت نیە •

با بە خەڵوەت بێ شۆردنی مردوو
مەحرەم بیشۆری چاکە ئەگەر بوو
شۆردنی مردوو شۆردنێکە وا
عامو شامیل بێ بە لەشی ئەوا
شۆردنی مردوو نی‌یەتی ناوێ
بەڵام دەسنوێژی نی‌یەتی ئەوێ
گیانی بشۆرێ چ پێستو چ موو
کافی‌یە بە شەرع عەرچلۆنێ بوو

بەڵام بە یاسای ئایینی ڕەسا
فەرموو وەربگرە دەرزی مامۆسا
جەنازە دانێن لە شوێنێ بەرزا
قەت ڕای مەکێشن لە تەختی عەرزا
بەئاوێکی سارد موناسیب بۆ حاڵ
ئەعزای بشۆرن بە شێوەی کەماڵ
ئەگەر پێویستی بە ئاوی گەرمە
بە عوزری شەرعی واتەت لەسەرمە
داینێ لەسەر قنگ چۆن ڕێکەوێ بۆی
پاڵبدا پشتی بە کەشکەی ئەژنۆی
دەستی ڕاست لەسەر شانی بێ جلی
پەنجەی زل لەسەر قوڵی پشتملی
دەستی چەپ بێنێ لەگەڵ هێزی دەس
بەسەر سکیدا بێترس و مەبەس
جا ڕای بکێشێ لەسەر قەفی پشت
کیسە لەدەسکا بەرو پشتی مشت
هەرچۆن ئاسانەو بۆی هەڵئەسووڕێ
عەورەت پاش و پێش پوختە بشۆرێ
جا دەس کێشەکەی تازە کاتەوە
باش دەم و لووتی پاك بکاتەوە
دەم و ددانی بە ئاوی ( نظیف )
پاك بکاتەوە لە ماددەی ( کثیف )

بەلام با دەمی زۆر نەکاتەوە
بۆ ئیحتیرامی لابکاتەوە
مەگەر شتێکی پیسی تێدابێ
ئەوجارە ئاوێش با لەگەلیا بێ
پاش ئەمە تەواو دەس‌نوێژی بگرێ
ئاگای لە خۆ بێ غەفلەت داینەگرێ
بۆ ئەم دەس نوێژە کە خۆی سوننەتە
نی‌یەت هێنانی فەرزی ( ذمة )ە
جا سەروڕیشی بشۆرێ تەواو
بە شانەشیان کا شانەی دان بلاو
ئەمجار ڕایکێشێ لەسەر قەفی پشت
دەس‌کێشی تازە بگرێتەوە مشت
لای ڕاستی بشوا لەسەر هەتا پێ
ئەمجار لای چەپی با ئاگات لێ بێ
جا لەشی مردوو هەلبسووڕێنە
بۆسەر لای چەپی‌و حیکمەت بنوێنە
نەیخا بەڕوودا با هەر بەم‌جۆرە
لەسەر لادا بێ ئەمە زەروورە
لای ڕاستی پشتی بشۆرێ تەمام
پیش خستنی ڕاست ڕەسمە بۆ ئیسلام
جا بیخاتەوە بە سەر لای ڕاسا
لای چەپی بشوا لەگەل ئیخلاسا
لەم شۆرینانا بۆن‌خۆشێ هەبێ
دەفعی بۆنی پیس لەو شەخسە ئەبێ

ئەم شۆردنانە کە بەیانم کرد
هەمووی یەك غوسڵە بۆی بڕوانە ورد
غوسڵی دووهەمیش بە وێنەی یەکەم
لە گەڵ بۆنخۆشێ ببە خاترجەم
بەڵام سێهەمین ئاوێکی ساف بێ
بۆنخۆشی نابێ نەك جێی خیلاف بێ
چونکە ئەو ئاوە کەپێی ئەشۆرێ
ڕەنگ‌و بۆن‌و تام نابێ بگۆرێ
یەکێ لەو سێ‌بە بگۆڕێ ئەلحەق
شرعاً دەرئەچێ لە ئاوی موتڵەق
لەدوای شۆردنی مردووی موحتەرەم
پیسی پەیدابوو زیادە یا کەم
تەنیا شۆردنی ئەو شوێنە فەرزە
نەك ئیعادەی غوسڵ ئەم دەرزە بەرزە
بە لەیەکدانی پێستی نێرو مێ
تێك‌ناچێ غوسڵی با ئاگات لێ بێ

لای کەمی شۆردنی مردوو ئەوەیە کە لەپاش لابردنی هەر پیسی‌یەك کە بەلەشیەوە بێ هەموو گیانی بە ئاوێکی پاك‌و پاکەوەکەر بشۆرن وە ئەو ئاوە بگا بە هەموو شوێنێکی کە شۆردنی پێویست بێ بۆ لابردنی لەش‌پیسی تەنانەت ژێری پێستی سەری زەکەری نێرینەیەك خەتەنە نەکرابێ •

ئەگەر مردوەکە قابیلی شۆردن نەبوو پێویستە ( تیمم ) بکرێ هەروەها ئەگەر شوێنێکی قابیلی شۆردن نەبێ ئەوە ( تیمم )ی ئەکرێ

لەپاش شۆردنی ئەو شوینە • بزانن واجب نی‌یە لەسەر مردوشور نی‌یەتی غوسلی مردوو بهێنێ بەلام سوننەتە نی‌یەتی غوسلەکەی بهێنێ ، هەروا بۆ ( تیمم )ەکەیش نی‌یەت هێنان سوننەتە و واجب نی‌یە ئەوەندە هەیە واجبە ( تیمم )ی مردوو لەپاش لابردنی هەموو پیسی‌یەك کە بە لەشی مردوەکەوە بێ •

ئەگەر لەپاش شۆردن یا پاش ( تیمم ) شتێکی پیس لە لەشیەوە هاتەدەرەوە تەنها واجبە ئەو پیسی‌یە لاببرێ‌و دووبارە کردنەوەی شۆردن‌و (تیمم) کردنی واجب نی‌یە • حەرامە لەسەر مردووشۆر تەماشای عەورەتی مردووەکە بکا • کەراهەتیشی هەیە تەماشای غەیری عەورەتی بکا مەگەر ئەوەندە کە پێویست بێ بۆ شۆردنەکەی • لای زۆرووی شۆردنی مردوو ئەوەیە لە شوێنێکی خەلوەتا بێت‌و شوێنەکە سەر داپۆشراو بێ ، وە لەسەر تەختەیەك دابنێن‌و دیزداشەیەکی لەبەرابێ لەشی داپۆشێ • بەئاوێکی ساردیش بشۆررێ ، مەگەر لەبەر عوزرێ پێویست بێ بە ئاوی گەرم بشوررێ • ئەبێ وەزعی شۆردنەکەیشی وابێ مردووەکە لەسەر ئەو تەختە دابنیشێنرێ بەجۆرێ مەیل بکا بۆلای پشتەوەو مردوو شۆرەکە دەستی ڕاستی لەسەر شانی ڕاستی مردووەکە دابنێ‌و پەنجەی گەورەی دەستی لە قوولایی پشتی ملی توند بکاو پشتی بدا بە ئەژنۆی ڕاستی خۆیەوە ، جا دەستی چەپی بەهێز بهێنێ بەسەر سکیا بۆئەوەی ئەگەر شتێکی تیابێ دەربچی • ئەمجا بەسەر پشتا ڕای بکێشێ‌و بە دەستی چەپی بە لەفافەیەکەوە عەورەتی بەرو دوای بشۆرێ ، پاش ئەمە لەفافەیەکی‌تر بکاتە دەستی ، پەنجە بکا بە دەمیا وە بیهێنێ بەسەر دانەکانیا • وە هەرچی لە کونەلووتەکانیا هەبوو پاکی‌بکاتەوە • جاوەك دەس‌نوێژی زیندوو دەس نوێژێکی باشی بۆ بگرێ • واجبە لەسەر مردوشۆرەکە نی‌یەت بۆ ئەم دەس‌نوێژە بهێنێ بەلام نی‌یەتی دەس نوێژی سوونەت بهێنێ ، پاش ئەمە

سەرو ڕیشی بشۆرێ بە ئاوێکیوا بە شتێکی بۆنخۆشی وەکو مۆرد بونخۆش کرابێ ، وە بە شانەیەکی دانشاش بە نەرمیو ئارامی بۆی دابهێنێ • وە ئەوەندەر موویەکی لێ کەوتە خواردەوە بیخاتەوە ناو موەکانی ، پاش ئەمە لای ڕاستی بشۆرێ لە سەر تا پێ جا لای چەپی ئەوجار هەڵیسوڕێنێ بۆ لای چەپی بۆ ئەوە کە لای ڕاستی لەپشتەوە تا پێ بشۆرێ •

جا هەڵیسووڕێنێتەوە بۆ لای ڕاستی ؛ بۆئەوە کە لای چەپی بشۆرێ لە سەرووی پشتیەوە تا پێی •

وە لە هەمو ئەم شۆردنەشدا شتێکی بۆنخۆشی وەکو مۆرد تێکەڵی ئاوەکە بکات • ئەمە هەمووی کە وتمان ، بە ناقە غوسلێ دائەنرێ • سوننەتە بۆ جاری دووهەمیش وەك جاری یەکەم بیشواتەوە • هەروا جاری سێهەمیش ، بەڵام بۆ جاری سێهەم بە ئاوێکی ڕووت لە بۆنخوشی هەموو لەشی وەکو جارەکانیتر بشوا • ئەمە سێ جار ، ئەم سێ جارە هەر جاری سێهەمی بەکاردێت ؛ چونکە جارە پێشووەکان ئاوەکە بەهۆی ئەوشتە بۆنخۆشانەوە کە تیایا بوون پاکەوەکەر نەبوە ، بەڵام ئاوی جاری سێهەم ئاوێکی ساف بووە شتێکی تیا نییە بۆنی بگوڕێ ، ڕادەی زۆر تەواوی شۆردنی مردوو ئەوەیە • هەر کام لەم سێ شۆردنە دوو جاری تریش دووبارە بکرێتەوە کە هەمووی ئەکاتە نۆ غوسڵ ••

باشتر ئەوەیە پیاو پیاو بشۆرێو ژن ژن ، بەڵام دروستیشە پیاو ژنی خۆی بشۆرێو ژن مێردی خۆی بشۆرێ ، ئەوەندە لەم کاتەدا سوننەتە مردووشۆرەکە دەس پێچکێکی بەدەستەوە بێ ، بۆئەوەی دەستی نەکەوێ لە پێستی مردووەکە هەرچەندە مەحرەمیشە •

تەرتیب لە شۆردنی مردوودا ئەوەیە یەکەم ئەو پیاوانە کە موستەحەقن بۆ نوێژ لەسەرکردنی وەکو باوكو باپیرەو کوڕو کوڕەزا

جـا برای باوكو دایكی ، جا برای باوكی ، دووهەم پیاوێ كە مەحرەمی بێ وەكو خاڵو باوەپیارە ، سێهەم پیاوێ كە خزمایەتی لە ئەڵیا هەبێ وەكو خاڵۆزا • چوارەم پیاوی بێگانە ، پێنجەم ژنی خۆی • لە شۆردنی ژنیشدا تەرتیب بـەم جۆرەیە :

یەكەم ژنێ كە مەحرەمی بێ ، بەڵام پووری خوشكی باوك لەپێش پووری خوشكی دایكەوەیە • دووهەم ژنێ كە خزمی بێت وەكو پوورزاو خاڵۆزا ، سێهەم مەحرەمی شیر وەكو خوشكو خوشـكەزای شـیری •

چوارەم مەحرەمی ژنو ژنخوازی ، وەكو خەسوو بووكو كچی مێرد ••• پێنجەم ژنی بێگانە • شەشەم مێردی ئەو ژنە كە مردوە • ئەگەر مردووەكە ژنی زەیسان یا خاوەنحەیز بوو ، ئەوە تەنیا ئەم غوسلی مردنە كافی‌یەو غوسلی پاكەوەبوونی لەحەیزو زەیسانی ناوێ پاك بووبێتەوە یـا پاك نەبووبێتەوە •

ئەگەر بۆ شۆردنی ژن هەر پیاوێكی نامەحرەم هەبوو یا بۆ شۆردنی پیاو هەر ژنێكی نامەحرەم هەبوو ، ئەوە دروست نی‌یە مردوەكە بشۆررێ، بەڵكو ئەبێ ( تیمم )ی بۆ بكرێ ، بەڵام ئەگەر وا هـەڵكەوت ئەو پیـاوە نامەحرەمـە یا ئـەو ژنە نامەحرەمە مردووەكەی شۆرد ئەوە كافی‌یـەو فەرزەكەمان لەسـەر لائەچێ • ئەگەر ژنی مردووشۆر لەحـەیزا بوو قەیناكە••منداڵێكیش نەگەیشتبێتە قۆناغی ئارەزوو كوڕ بێ یا كچ،دروستە بۆ پیاو یا بۆ ژن بیشۆرن، بەڵام ئەگەر گەیشتبوونە ئەو قوناخە ، ئەوە حوكمی پیاوو ژنیان هەیە • منداڵی لەبارچوو ئەگەر سەرو سوورەتی بنیادەمی نیـا دەرنەكەوتبوو شۆردنو نوێژی ناوێ ، بەڵام سـوننەتە جلێكی پێـوە بپێچرێو دەفن بكرێ •

ئەگەر سەرو سوورەتی بنیادەمیشی پەیداكردبوو ، بەڵام نیشانەی

زیانی نەبوو وەکو دەنگ‌و ئاوازە یا جوولەجووڵ ئەوە پێویستە بشوررێ‌و کفن‌و نوێژ لەسەرکردن‌و دەفن‌کردنی واجبە » •

ئەگەر پارچەی ئینسانێك لـە شوێنێکدا کەوتبوو ئەوە حوکمی وەکو مردوویەکی تەواو وایە شۆردن‌و کفن‌و نوێژ لەسەرکردن‌و دفن‌کردنی پێویستە •

شەخسی مردووشۆر با زۆر ئەمین بێ
جێگەی باوەڕو خاوەنی دین بێ
وەزعێکی باشی لە مردوو بینی
بیگیڕێتەوە زۆر بە ئەمینی
عەیبێکی لێ دی سڕی داپۆشێ
مەگەر فاسق بێ‌و بۆ شەڕ تێکۆشێ
ئەوە باس بکا بۆ موسوڵمانان
ئەر نەبێ بە هۆی فیتنەی نێوانیان
نینۆك‌کردن‌و سەرو بەر تاشین
مەکرووهە لەبۆ مردوو بەپێی دین
بەڵکو خەتەنەیش ئەگەر نەکرابێ
وازی لێ بێنن فەی‌نا با وا بێ
ئەوەی ئاسانە فەرزە بیشۆرێ
کە قابیل نەبوو ( تیمم ) بکرێ
یانی ڕوخسارو دوو دەستی مردوو
بە تۆزێکی پاك مەسحی بکەن زوو
مردووشۆر لەپاش شۆردنی مردوو
سوننەتە بۆ خۆی غوسڵ بکا زوو

سونەتە ئەوکەسە مردوو ئەشۆرێ ئینسانێکی پاکو ئەمین بێ جا ئەگەر شتێکی باشی لەو مردووەوە بینی بەساغی بیلێرێتەوە ، خۆ ئەگەر عەیبێکی چاوپێکەوت باسی نەکاو بیپۆشێ مەگەر مردووەکە ئینسانێکی فاسقی ئاشکرا بێ ، ئەوە دوروستە عەیبەکەی باس بکرێ بەومەرجە نەبێ بە هۆی فیتنەو غەوغا لەلایەنی کەس‌وکاری مردووەکەوە •

بزانن کەراهەتی هەیە نینۆك کردنی دەست‌وپێی مردوو ، وە تاشینی مووی سەرو ریشی ، هەروا مووی بەرو بن‌باڵی لانابرێن ، حەتتا ئەگەر رشك‌و چنگنە دابوویانە مووی سەرو بەرو ریشی پیاو ، یا قژی ژن‌و مەنعی تەربوونی مووەکانیان ئەکرد ئەوە عەفویان لێ ئەدرێ‌و ناتاشرێن‌و پێویستیان بە ( تیمم ) نی‌یە ••• بەڵێ ئەگەر مووی سەرو ریش لەخۆیەوە لوولی خواردبو ، یا بەهۆی دەرمانێکەوە وەکوو (جەوی) نووسابون بەیەکەوەو ئاویان پێ نەئەگەیشت ، ئەوە لەم کاتەدا واجبە بتاشرێن ، •• بەڵام لە حاشیەی ( شیروانی )دا نووسراوە دروست نی‌یە بە هیچ حاڵێ مووی مردوو بتاشرێ‌و عەفو ئەدرێ لە تەرنەبوونی • ئەم فەرموودەیە جێگەی ئیعتیارو پشت‌پێ‌بەستنە ، رەفتاری پێ‌بکەن ، بزانن یەکێ بە جل‌وبەرگی ئیحرامی حەج یا عومرەوە بمرێ ئەوە حەرامە وەزعی بگۆرێ ، واتە نابێ لەکاتی شۆردنیا ئاوەکە بۆن‌خۆش بکرێ ، هەروا حەرامە کەبۆنی خۆش بکرێ بە کفنەکەیا، تا شێوەی ئەو ئیحرامەی پێوە بمێنێ • هەروا نابێ کفنی درووومان کراوی پێوە بپێچرێ • پێویستە دەست‌و دەم‌و چاوی ژن بەدەرەوە بێ ، جا لەپاش ئەوە کە شۆردنی مردوو تەواو بوو سونەتە کە مردووشۆرەکە خۆی بشوا بە نی‌یەتی مردوو شۆردن •

# کفن بۆ مردوو پێویستە

کفن پێویستە بۆ لەشی مردوو
بەیانی ئەکەم حالی ببە زوو
لەشی داپۆشێ لە سەرۆ تا پێ
لەسەر میراتە واجبە بکرێ
دووهەمو سێهەم حەقە بۆ مردوو
نابێ بە مانیع ( وارث ) هەرکەس بو
بەڵام ئەگەر قەرز ماڵی دابگرێ
خاوەنقەرز مەنعی ئەوەی پێ ئەکرێ
زیاد لە سێ کفن حەرامەو بەتاڵ
ئەگەر میرات بەر مەحجوورەو مناڵ
کە سێ کفن بن با لەفافە بن
سپیو سەرتاپاو بە ( نظافە ) بن
ئەگەر تەفاوت لەوانا هەبێ
با گەورەتریان بەدەرەوە بێ
دووهەم لەو کەمتر سێهەم لەوکەمتر
تا دەرکەتوویان دەرچێ جوانتر
زیندوو کاتێ بەرگ ئەکاتە بەری
جوانتر دەرئەخا لە بۆ هاوسەرێ
هەموویشیان فەرزە کە لەش دابگرن
لەمبەرەوبەری قەدی تێپەڕن

یانێ لەپێشا گەورەتر ڕاخەن
باقی بەتەرتیب لەسەر ئەو داخەن
بۆنیان خۆش بکەن ئەو لەفافانە
با بۆنی خۆش بێ ئەو شەخسە جوانە
کفن بوون بە پێنج وا موعتەبەرە
نێر سێ لەفافەو کراس‌و مێزەرە
کراسی قۆڵدار داگرێ بەدەن
با سەرتاپێ بێ مەنعی لێ مەکەن
بۆ ژن لەفافە لەگەڵ ئەو سێیە
دابی شەریعەت زۆر بەڕێوجێیە
بەڵام لەبۆ پیاو چاتر وەهایە
هەر سێ لەفافەی بەقەد کیفایە
وردە کفنەکان لە ژێرەوە بن
ئەوسا لەفافە لە لەشیان پێچن
دوو ڕانی مردوو پێکەوە بەستن
لەناو فەدیشیا پشتێن ببەستن
کە داتان هێڵان بۆ قەبری خۆیان
بیان‌کەنەوەو لاچن لەقەدیان
کفنی مابەینی ناوک‌و ئەژنۆ
ناوی ( ازار )ەو دەرپێ لەلای تۆ
کراسی هەردوو لەشانەوە دێ
هەتا ئەگاتە سەر قولاپەی پێ

مێزەر لەبۆ نێر ئەیپێچن لە سەر
سەرپۆشی ژنان لەبۆ دەوری سەر
کونی لەشی گشت بە لۆکە بگرن
بەمجۆرە ڕێگەی جانەوەر بگرن
بەڵام گەر مردوو لەناو ئیحرامە
بۆنخۆشیو سەتری سەری حەرامە
ژن دامەپۆشن دەمو چاوی لەو
دوورین ڕەوایە لەبۆ کفنی ئەو
هەرچی حەڵاڵ بێ لەبۆ پیاوو ژن
لە پاش مردنیان ئەکرێ بە کفن
کفنێ شۆراو بێ ( شرعا ) ئەولایە
نەشۆراوبش بێ هەروا ڕەوایە

مردوو کفن ئەکرێ بە هەر بەرگێ لــە کاتی زیندوێتیدا دروسـت بووبێ بۆی ، بەڵام باشتر ئەوەیە کە ڕەنگی سپی بێ • لای کــەمی کفن پۆشاکێکە هەموو لەشی دابپۆشێ ، بێجگە لە سەری پیاوێ وە ڕووی ژنێ کە لەئیحراما بووبن لــەکاتی مردنا ، ••• ئــەم ئەندازە حەقی خودایــە هەرچۆن بووە ئەبێ جێبەجێ بێ •

ئەوەیش کە حەقی مردوو خۆیەتی سێ کفنی سەرتاپێیە • کــەس ناتوانێ مەنعی ئەم سێ کفنە بکا لە مردوو مەگەر خاوەن قەرزێکی وەها کە قەرزەکەی هەموو ماڵی مردووەکە دابگرێ • میراتگران ناتوانـــن مەنعی کفنی دووهەمو سێهەم بکەن لــە مردوو ، هەرچەند منانی نابانغیشیان

تیابێ ؛ چونکە ئەم سێ کفنە حەقی مردووەکەیە ، بەڵام ئەگەر خۆی وەسیەتی کردبوو بۆی نەکەن ئەوە بۆی ناکرێ‌و قەناعەت ئەکرێ بەتاقە کفنێ • ئەوەیش کە حەقی میراتگرە ، عیبارەتە لە کفنی چوارەم‌و پێنجەم ، کەواتە ئەگەر لەناو میراتگرەکاناماڵی نابالغ هەبوو ، ئەوە بە قەتعی ئەو دوو کفنە زیادە ( چوارەم‌و پێنجەم ) دروست نی‌یە لە میراتی مردووەکە بکرێن • هەروەها ئەگەر میراتگری بالغ ئارەزووی نەبوو ئەو دوو کفنە زیادە بکا ئەوا پێی ناکرێ‌و ئەتوانێ مەنعی بکاو ئەوانەی بۆ ناکرێ • جا ئەگەر ، هیچ مانیعی نەبوو لە زیادکردنی ئەم دوو کفنەیش ، ئەوە بۆ ژن وا باشە پێنج کفنەکەی دوانیان بالاپێچ ( لفافة )بن‌و سیانەکەیان جلێك بێ بۆ بەینی ناوك‌و ئەژنۆ کە پێی ئەڵێن ( ازار ) لەگەڵ کراسێکی قۆڵدار کە لە ناوشانیەوە تاقولاپەی پێکانی بگرێتەوە کە پێی ئڵێن ( قمیص ) • سەرپۆشێکیش کە بەدەوری سەریا بپێچرێ کە پێی ئەڵێن ( قمیص ) • سەرپۆشێکیش کە بەدەوری سەریا بپێچرێ کە کفن هەرسێ کفن باشترە ؛ چونکە داپۆشینی ژن لە داپۆشینی پیاو مەتڵەبترە ، بەڵام دروستە دوانە زیادەکەشی بۆ بکرێ • زیادەڕەوی لە کفن‌کردنا کەراهەتی هەیە هەرچەند مانیعیش نەبێ ، کفنی شۆراویش لە نەشۆراو چاکترە •

منداڵیش وەکو بالغ وایە لە ئادابی کفن‌دا ، ئەگەر پێنج کفنی بۆ بکەن ئەوە دروستە • ئەگەر کەسوکاری پیاوی مردوو ئارەزوویان وابو ، پێنج کفنی بۆ بکەن ئەوە واباشە سیانیان بالاپێچ‌و دوانیان کراس‌و مێزەر بن ، ئەگەر هەر سێ کفن کرا بۆ مردوو ، ئەوە واجبە سێ بالاپێچی وا بن هەموو لەشی مردووەکە داپۆشن ، باشتریش ئەوەیە هەرسیانیان وەکو یەك وابن • ئەگەر گەورەو بچوکیان بوو ، کامیان گەورەترە ئەوەبان لەپێشدا ڕاخەن ، ئەمجا دووهەمەکەیان‌و پاشان سێهەمەکەیان • سوننەتە

..رمانی بۆنخۆش بە هەر سێ‌کەیانەوە بکەن ، ئەگەر زیاتریش بوون
.. بەم‌پێیە پڕایان خەنو ووردە کفنەکان ، وەکو مێزەر وە سەرپۆش‌و
کراس لەژێری لەفافەکانــەوە بن ، با لەفافــەکان بێن بەســـەریانا •
وە مردووەکە وشك‌بکەنەوەو لەسەر پشت ڕایکێشن بەســەر کفنەکاناو
لۆکەی پاکی شی‌کراوە ، لەسەر هەموو کونەکانی لەشی دانێن وەکـو
وێچکەو دەم‌و لووت ، جا یەکەیەکە کفنەکانی پێوە بپێچن‌و ، بە شتێك
وەکو قایشی پشتێن لەماددەی کفنەکە قایمیان بکەن • کاتێ خســتیانە
قەبرەکەوە ئەو پشتێنانەی لێ بکەنەوە ••• بزانن کفنی مردوو لە مالــی
مردووەکە ئەبێ • ئەگەر خۆی مالّی نەبوو لەسەر ئەوکەسەیە کە نەفەقەی
لەسەریەتی وەکو باوك‌و باپیرو کوڕو کورەزاو مێرد • ئەگــەر ئەمــانە
نەبوون ، لەسەر مالێکە وەقف‌کرابێ بۆ کفن‌کردنی مردوو • ئەگەر مالــی
وەقفی‌وایش نەبو لەسەر هەر موسولمانێکی دەسەلاّت‌دارە کە لەو شــوێنەدا
بێ • هەلگرتنی کفن کەراهەتی هەیە ، مەگەر کفنێك کە زۆر لە شوبهە
دوور بێ بەلاّم هەلّکەندنی قەبر لەپێش مردنا دروستە ، نەخوازەلاّ لـــە
شوێنێکا کە عەرزەکەی ڕەق بێ‌و بەزەحمەت هەلّبکەنرێ • ئەمە کەمێك
بوو لــە ئوسوولّی کفن‌کردنی مردوو واجبە بیزانن•

## نوێژی مردوو

پاش ئەوە مردووت شۆردو کفنت کرد
فەرزە نوێژەکەی زۆر بەدەستوبرد
مەکرووهە نوێژی لەپێش تەکفینی
ئەگەر جل هەبێ بۆ داپۆشینی
ئەینا حەرامە چون سەتری عەورەت
لە کاتی نوێژا مەرجە بۆ صیحەت

فەرزە ئەم نوێژە لەسەری بکرێ
لەپێش ئەوەدا کە دفن بکرێ
کەوتە پاش دەفنیش دروسنە لەوێ
بەمەرجێ کە پێش قەبری نەکەوێ
حازری وڵات فەرزە بۆ ( ذمّە )ی
بێت نوێژی بکا لەسەر قەبرەکەی
مەگەر هاتنی گەلێ زەحمەت بێ
زەحمەتێکی وا غەیری عادەت بێ
ئەوە دووربەدوور نوێژی ڕەوایە
( حاشیەی جەمەل ) ئەڵێ وەهایە
ئەم نوێژە فەرزە فەرزی کیفایە
یەکێ لە گەلێ بیکا ڕەوایە
هاتو لەو شوێنا تاقە یەکێ بوو
فەرزی عەینە بۆی بڕوا بیکا زوو
حەقی وەلی‌یە نوێژی جەنازە
باوکو باپیرەی بە ئیمتیازە
ئەمجار ( عصبە )ی نەسەبی مردوو
بە باسای میرات بە بێ یەکو دوو
بە ئیزنی ئەوان دروستە بۆ غەیر
با بیکاو بگات بە ئیحسانو خەیر
تەکراری نوێژی جەنازە ئەبێ
لە چەند کەسەوە باش ئاگات لێ بێ

نەك كردنەوە بۆ یەكێ چەند جار
ئەم شێوە دوورە لە شەرعی موختار
نوێژ لەسەر غائیب لە هەر ، ولاتا
ڕەوابە بۆ تۆ لەسەر بساتا
حەزرەت لە ( طیبە )[1] لەسەر نەجاشی
نوێژی غائیبی بۆ كرد بە خۆشی
نێرینەی منال لە بۆی ڕەوایە
ئەم نوێژە بكا بە فەدرو پایە
بەڵام قەت بە ژن جێبەجێ نابێ
ئەگەر ئەو شوێنە نێرنیەی تیابێ
لەسەر چەند مردووی حازری یەكجێ
بە تاقە نوێژێ ( أكتفاء ) ئەكرێ
ئەگەر خاوەنیان بەوە ڕازی بن
ئەینا یەكبەیەك با جێبەجێ بن

## شەرتی نوێژی جەنازە

شەرتی ئەم نوێژە وەكوو نوێژەكان
پاكی‌یە لەبۆ پۆشاكو مەكان
مردووی دابەسراو بە شریتی پیس
نوێژی بەتاڵە بێ‌شوبهەو تەلبیس

(١) طەیبە نازناوی مەدینەی ( منورە )یە .

فەرزە ئەو پەتەی لێ بکاتەوە
جا نوێژی بکا بە نیشاطەوە
واجبە پاکی تابووتو جێگەی
پاکی ئەو جلەش بەسەریا ئەدەی
ئەم مەسئەلەیە بەیان کراوە
لەشوێنی خۆیا تەفصیل دراوە

## ئەرکانی نوێژی جەنازە

ئەرکانی حەوتن یەکەمیان نیەت
نیەتی نوێژی فەرزی کیفایەت
لە سەر ئەو شەخصە کەوا مردووە
ڕووی لە بارەگای خودا کردووە
دووهەم چوار ( تکبیر ) بە حالی قیام
( الله اكبر ) فەرزە لە ئیسلام
سێهەم فاتیحە پاش یەکەم ( تکبیر )
لەگەڵ ( تعوّذ ) سوننەتی بەشیر
بەڵام ( افتتاح ) یا ( ضمّ السورە )
سوننەت نین لێرا لێمان ببوورە
چوارەم صەلاوات پاش دووەم ( تکبیر )
لەسەر حەزرەتی ڕەسوولی بەشیر
پێنجەم . دوعایە لەدوای سێهەم
دوعا مەقبوڵە لە لای خودای ئەکرەم

بۆ گەورەو بچووك لەبۆ ژنو پیاو
فەرقیش بە ضەمیر بۆ تو دیتە ناو
شەشەم سەلام دان لەدوای چوارەم
حەوتەم ڕاوەستان لە نوێژا سەرجەم
بەرزبکەرەوە دەستت بۆ سەرشان
کاتی ( تلفظ ) بە تەکبیرەکان
خوێندنی سیرڕی حەقە لە شەرعا
لەبۆ فاتیحەو سەڵاوات‌و دوعا
( قیام ) زەحمەت بوو با دابنیشێ
لەتاقەت‌بەدەر زەحمەت نەکێشێ
نوێژی جەنازە لەگەڵ جەماعەت
بە سێ صەف ئەبێ بە مایەی زەحمەت
کاتێ ( مسبوق ) هات بەونیازەوە
نی‌یەت‌و تەکبیر بە ئیعزازەوە
ئەمجا فاتیحە بخوێنێ تەمام
جا بڕواتە سەر ئەرکانی ئیمام
بەر لە ( اکمال )ی فاتیحە ئەگەر
ئیمام گەیشتە ( اللّٰه اکبر )
فەرزە بۆ ( مسبوق ) بە شەرعی ئیسلام
تەبەعیەتی ئادابی ئیمام
جا کاتێ ئیمام سەلامی داوە
جێ‌بەجێ بکا ئەوەی کە ماوە

لەسەر میثالی مەسبووفی صەلات
خودا بە کەرەم تەوفیقت بذات
بزانن فەرزی نوێژی مردووان
ئادابی هەیە کاتی ڕاوەستان
بۆ مردووی پیاو موقابیل بە سەر
نی یەت بهێنێ ( اللّه اكبر )
بۆ ژن لەحاستی سێ بەندەیا بێ
لەسەر ئەم یاسا ئیمام ئاگا بێ
کاتێ جەنازە برا بۆ قەبران
سەری پێشی بخەن ئەی برادەران
کاتێ دانرا لە گۆڕستانا
سەری لە لای پێی چالی قەبرانا
بە سێ کەس تابووت هەڵبگرن وەها
یەکێ لەپێشو دوو کەس لەدوا
تەشییعی مردوو ڕەوانە کردن
سوننەتی دینەو جەزا وەرگرتن
لەپێشەوە بێو بڕوا بە پیادە
ئیحسانی زۆرە لەبۆ جیهادە

ئەرکانی نوێژی مردوو حەوتن ، یەکەم : نی یەتی فەرزی نوێژی مردووەکەیە لەگەڵ ( اللّه اكبر ) کردنی ( تحرم )دا ئیتر پێویست ناکا باسی ئەوە بکا کە ئەو نوێژە فەرزی کیفایەیە یا فەرزی عەینە هەروا پێویست نی یە مردووەکە بناسێ ، ئەگەر زۆریش بوون پێویست نی یە ژمارەیان

نزانێ یان بزانێ ئەو مردووە ژنە یا پیاوە ، بەڵکو ئەگەر نیەتی نوێژی جەنازە بێنێ بۆ هەموو ئەوکەسانە کە لەوڕۆژەدا مردوون دروستە ، وە ئەگەر چەند مردوو حازرکرابوون ئەتوانێ بەجارێ نیەتی نوێـژی هەموویان بێنێ‌و بەو تەنیا نوێژە واجبەکە ئەواو ئەبێ • بەوشەرتە خاوەنەکانیان ڕازی‌بن وە بۆ مەئمووم دروستە نیەتی نوێژی ئەو جەنازانە بێنێ کە ئیمام نوێژیان لەسەر ئەکا ، یانێ ئەگەر بەم شێوە نیەت بێنێ دروستە • بەڵێ ئەگەر هاتو مردووەکەی دیاری کردو ، دەرکەوت ئەوکەسە نەبووە ، ئەوە ئەو نوێژە بەتاڵە •

ڕوکنی دووهەم : چوار ( الله اکبر )ە ، یەکەمیان تەکبیری ( تحرم )ە ، یانێ دابەستنی نوێژەکە ، ئەگەر پێنج جار ( الله اکبر )ی کردو لای‌وابو دروستە ئەوە زیانی نیە بەڵام ئەگەر باوەڕی وابو نوێژەکەی بەتاڵ ئەکاتەوە ، ئەوە ئەو نوێژەی بەتاڵە ، جا ئەگەر ئیمام پێنج ( الله اکبر )ی کرد با مەئموم شوێنی نەکەوێ بەڵکو بە دڵ نیەتی جیایی لە ئیمام بێنێ سەلام بداتەوە ، یا ڕاوەستی‌و چاوەڕوان بکا تا ئیمام سەلام ئەداتەوە •

ڕوکنی سێهەم : خوێندنی سوورەتی فاتیحەیە لە پاش ( الله اکبر )ی یەکەم • سوننەتە لە پێش فاتیحەدا ( تعویذ ) بخوێنێ ، بەڵام دوعای افتتاح‌و خوێندنی سوورەت لەپاش فاتیحە سوننەت نین •

ڕوکنی چوارەم : صەڵاواتدانە لەسەر حەزرەتی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم لەپاش ( الله اکبر )ی دووهەم ، وە صەلاوات لەسەر ئال سوننەتە • کەوابێ بڵێت أَللهُمَّ صَلِّ علی سَیِّدِنا مُحَمَّدٍ وَعَلی آل سیِّدنا مُحَمَّدٍ •

ڕوکنی پێنجەم دوعاکردنە بۆ مردووەکە لەپاش ( الله اکبر ) ی سێهەم • لای کەمی ئەم دوعایە ئەوەیە بڵێت : اللّهمَّ ارحمْه یا : أَللّهمَّ

اغفر لە • دوعای مەشهووریش ئەمەیە بڵێت : اللَّهُمَّ اغفِر لِحَيِّنا وميّتِنا وشاهِدِنا وغائِبِنا وذَكَرِنا وأُنْثَانا • اللَّهُمَّ مَنْ أَحْيَيْتَهُ مِنا فأحيِهِ عَلَى الاِسلام ، وَمَنْ تَوَفَّيْتَهُ مِنّا فتَوَفَّهُ عَلَى الايمانِ ) •

وە بۆ نوێژ لەسەر منداڵی مردوو ئەمەیش بڵێ :

اللَّهُمَّ اجعَلْهُ فُرُطاً لأَبَوَيْهِ وسَلَفاً و ذخراً وعِظَةً واعتِباراً وشفيعاً وثَقِّل بهِ مَوازِينَهُما وأفرِغِ الصَّبْرَ على قلوبهما •

لەپاش تەکبیری چوارەمو پێش سەلام دانەوەیش سوننەتە بڵێت :

اَللَّهمَّ لا تَحرِمنا أجرَه ولا تَفتِنّا بعده • لە هەموو دوعاکانی ئەو نوێژی مردوودا ئەبێ ضەمیرەکان بەپێی مردوەکان بگۆڕێت • یەعنی ئەگەر مردوو نێر بێ یا مێ یەکێ بێ یا زیاتر ، ضەمیرەکەبەوپێیە بگۆڕێ •

ئەگەر کەسێ ئیقتیدای کرد بە ئیمامو بە بێ‌عوزر ڕاوەستا تا ئیمام فاتیحەی خوێندو ( الله اکبر )ی دووهەمی کرد ئەوە نوێژەکەی بەتاڵ ئەبێتەوە •

ئینسانی مەسبووقیش حەقی وایە کە چووە ناو نوێژەکەوەو ( الله اکبر )ی کرد دەس بکا بە خوێندنی فاتیحە با ئیمام لە شوێنێکی تریشا بێ ، جا ئەگەر ئیمام ( الله اکبر ) یکی‌تری کرد لەپێش ئەوەدا کە ئەم دەس‌بکا بە فاتیحە ، ئەوە لەگەڵ ئیماما ( الله اکبر ) بکاو فاتیحەی لەسەر لائەچێ ، ئەگەر لەوکاتەدا کە ئیمام ( الله اکبر )ی تری کرد مەسبووقەکە لە فاتیحەدا بوو ئەوە تەرکی باقی‌مەندەی فاتیحەکەی بکاو شوێنی ئیمام بکەوێ‌و ، لە پاش سەلامی ئیمام هەرچی لەسەر ماوە لە خوێندنی فاتیحەی پاش ( الله اکبر )ی یەکەمو تەکبیرەکانی‌تر بە خۆیان‌و زیکرەکانیانەوە هەموویان بخوێنێ •

بەڵام فەرمودەیەکی ئیمامی شافیعی هەیە کە تەنها ئەو تەکبیرانەی لەسەری ماون یەك لەسەریەك بیانڵیٚو سەلام بداتەوە ...

بزانن هەرچی شەرتی نوێژەکانیتره بۆ نوێژی مردوویش شەرتە زیاد لەوانە بەشەرت گیراوە ئەو کەسانەی نوێژی مردوو ئەکەن پیاو بن چونکە ئەم نوێژە بە ژن پێك نایەت ، مادام لەو شوێنەدا پیاو یان منالی نێرینەی خاوەن تەمیز بێ ، ئەگەر پیاو یا مندالی نێرینەی خاوەن تەمیز نەبوو ، پێویستە ژن نوێژەکە بکاو فەرزەکە بەوە دێتەجێ . سوننەتە بە جەماعەتیش بکریٚو ڕیزی جەماعەت سێ صەف بێ ، ئەگەر لەپاش نوێژی مردوو خەڵکیتر پەیدابوون پێویست نی‌یە نوێژی لەسەر بکەن ، بەڵام سوننەتە ئەوانیش نوێژی لەسەر بکەن ، شەرتە نوێژی مردوو لەپاش شۆردنی مردوەکە بێ بەتەواوی ، بەڵام کەراهەتی هەیە لەپێش کفن کردنی بێ . بەم شەرتە پۆشندەیەك بەسەر عەورەتی مردووەکەوە بێ کە هەموو لەشی ژنو مابەینی ناوكو ئەژنۆی پیاو داپۆشێ ، ئەگەرنا نوێژەکە بەتاڵەو کردنەکەی حەرامەو شەرتە هیچ پیسی‌یەك بە لەشی مردووەکەو کفنەکەیەوە نەبێ ، حەتتا تابووتی مردووەکە ئەبێ پاك بێ بەو مەرجە مردووەکەی پێوە بەسرابێ وە ئەو بەرگەش کە پێچراوە بە مردووەکەوە ئەبێ پاك بێ ، بەڵی خوێنی ئینسانی کوژراو کە بەدەوام لە لەشیەوە بێت عەفوەو مانیعی نوێژ لەسەر کردنی نی‌یە هەروا ئەو تابووتەی کە مردووەکەی تیایە ، بەڵام پێوەی نەبەسراوەو ، مردوو کفنەکەی پیس بکا مانیع نی‌یە لە دامەزراندنی نوێژکردن لەسەری ، شەرتە لەکاتێکا نوێژکەر نوێژی مردووی حازر بکا جەنازەکە لەپێشیەوە بێ ، ئیتر شەرت نی‌یە مردووەکە لەعاستی سوجدەگای نوێژکەرەکەدا بێ ، هەروەها پێویست نی‌یە مردووکە ڕووەو قیبلە دانرابێ . ئەگەر لەسەر قەبرەکەی نوێژی لەسەر کرا شەرتە قەبرەکەی لەپێشەوە بێ ... دروستە نوێژ

لەسەر مردووی ( غائب ) نادیار بکرێ هەرچەند شوێنی مردوەکـــە نەکەوتە لای قیبلەوە ، یا نوێژکەرەکە لێی پیش کەوێ .

مەبەس لـە مردووی نادیار ئەوەیە لـە شوێنێکدا بێ کـە نسبەت نەدرێ لـە شوێنی نوێژکەرەکە ، کەواتە هەر مردوویەك لەناو شووورای شاری نوێژکەرەکەدا بێ بە حازر ئەناسرێ لەو شارەداو نوێژی نادیاری بو ناکرێو پێویستە نوێژکەرەکە برواتە سەر جەنازەکەی ، هـەروەها چەند دێهاتی وەها کە تێکەلی یەك بن بە یەك جێکە ئەناسـرێنو نوێژی غایب بۆ ئەهلی یەکێ لەو دێیانە لەسەر مردووی دێـکەیتر ناکرێو پێویستە برواتە لای قەبرەکەی .

بزانن فەرزی نوێژی جەنازە بە تاقە پیاوێ پێکـدێت . جەماعـەت شەرت نییە بۆ نوێژی جەنازە ، بەلکو سوننەتە .

هەروا سوننەتە نوێژکەرەکان بە سێ ڕیز بوەستنو هەموویان دوعای خەیر بۆ مردووەکە بکەن. واجبە ئەم نوێژە پێش دفن کردن بێ ، ئەگەر وەها ڕێکەوت کە بەر لە نوێژ لەسەرکـردن دفن کـرا دروسـتە پاش دفنیش نوێژەکەی بکرێ بەوشەرتە ئەوکەسەی کە نوێژەکە ئەکا لەکاتی مردنی مردووەکەدا ئەهلی ئەو نوێژە بووبێ یانێ بالغو عاقلو موسولمانو پاك بووبێ .

## شەهید ناشۆررێ

بزانن شەهید ناشۆررێو نوێژیشی لەسەر ناکرێ ... شـەهید بـە کەسێ ئەلێن لە شەڕی کافرانا بە هۆی شەڕەکەوە کوژرابێ ، ئەگەر بە دەردێکی تایبەتی مرد ، یا لە شەڕەکەدا موسولمان کوشتی ، یاخود کافرەکان لە شەڕەکەدا بریندارییان کردو لەپاشا مرد ، ئەوە بە شـەهید ناناسرێو ، پێویستە بشۆررێو نوێژیشی لەسەر بکرێ هەروەها کەسێ

ـە شەڕی ئەوانەدا بکوژرێ کە لە ئیمامی گەلی موسولمانان یاخی بوون کــە ناویان ئەبرێ بــە ( بغاة ) • ئەگەر ئینسانێکی لەش‌پیس شەهید کــرا ەوە فەرموودەی ڕاست ئەوەیە ناشۆررێ ، بەلام هەر پیسی‌یەکی غەیری خوین‌و زامی کاتی شەڕ بە لەشی شەهیدەوە بێ ، پاک ئەکرێتەوە • شەهید ئەبێ بە بەرگە خویناوی‌یەکەی خۆیەوە دفن بکرێ ، جا ئەگەر هــەموو لەشی دانەپۆشی ئەبێ ئەوشوێنەی کە بەددەرەوەیــە بــە پارچەیەکی‌تر داپوشرێ •

پێویستە بزانن ، کە بیرو باوەڕی ئیمامی ئەعزەم ( ابو حنیفە ) لەسەر ئەوەیە کە وەکو کوژراوی جەنگی کافران شــەهیدە ، کوژراوێ کــە بەناحەق بە تێغ یا بە ئالەتی ( جارحە ) بریندارکەر بکوژرێ ، وە بــەو برینەوە ئەوەندە بمێنێتەوە کــە خــواردەنی بخــوا ، یا ئاو بخواتەوە ، یا بنوێ یا دەرمانی بکرێ ، ئەوە شەهیدە ، خواه کافری حەربی کوشتبێتی یا ئەوا ەی کە یاخی ئەبن لە گەورەی موسولمانان ، یاجەردە ، واتە ئەوانە کە ڕێگە ئەگرن لە موسولمانان‌و ئەیان‌کوژن، یا دز کە لە شەوا بێن بۆسەر مالان‌و لەکاتی مودافەعە لە نەفس یا لە مال دزەکە بیکوژێ‌و دیار نەبێ کێ‌یە ، هەروەها ئەگەر دوو کۆمەل لە موسولمانان بچن بە گژی یەکداو، هەرکام لەوانە خۆی بە خاوەن‌حەق‌و بەرامبەرەکەی بە زالم‌و ستەمکار دابنێ ، ئەوە هەر موسولمانێ لەو جەنگەدا بکوژرێ ئەویشە شەهیدە ، بەتایبەتی ئەگەر یەکێ لەو دوو کۆمەلە داوای صولح بکاو ئەولاکەیــان وبالاتی پێ‌نەکا ، ئەوە کوژراوی ئەم کۆمەلە کە داوای صولح ئەکەن ، وەکو شەهیدی حەربی کافران وایە ، وەحوکمی شەهید لەلای ئیمــام ئەبوحەنیفە خوای لێ ڕازی‌بێ ئەمەیە کە کفن ناکرێن‌و ناشۆرێن • بەلام نوێژیان لەسەر ئەکرێ ، وە دەلیل بەوە دێننەوە کە حەزرەت (ص) نوێژی لەسەر حەمزەی مامی‌و لەسەر شوهەدای بەدر کردووە ، بەلام ئیمە ئەلێین

ئەوە هەر دوعاکردن بووە بۆیان ، وە ئەم نوێژە مەشهوورە نەبوە ، ئەم باسە بڕایەوە ... ئەگەڕێمەوە بۆ سەر مەزهەبی ئیمامی شافیعی خـوای لـێ ڕازی بێت . کەسـێ خۆی کوشتبێ ئەشوررێو نوێژی لەسـەر ئەکرێ وەکو باقی موسوڵمانان . بۆ ئیمامەت لە نوێژی مردوودا باوکو باپیرەو باقی ( عصباتی ) نەسەبیان باشـترە لـە فەرمـانداری شـــەرعیی وڵاتەکە ، ڕیزی عەصەبات ئاوایە : باوك ، باپیر ، باپیـرە گەورە ، کوڕ ، کوڕەزا ، برای باوكو دایـکی ، برای باوکی ، برازای کـوڕی برای باوكو دایکی ، تا ئەڕوا لەسەر شێوەی میرات گرتن ، ئەمجار خزمـانی غەیری نەسەب ، ئەگەر دووکەس لە پایەیێکدا بوون ئەوە کامیان پیرترە یـا لوخواترس‌تر بوو ئەوەیان ئەبێ بە ئیمام .

سوننەتە ئەوکەسە نوێژی مردووەکە ئەکا لەعاستی سەری پیـاوو سێبەندەی ژندا ڕاوەستی . سوننەتە هەڵگرتنی جەنازە بە سێ کەس بێ یەکێك لەپێشەوە ، وە دووکەس لەپاشەوە ، ئەوکەسە وا لەپێشـــەوە ، هەردوو داری تابووتەکە بخاتە سەر هەردوو شانی ، وە ئەو دوو کەسەش کە لەدواوەن یەکی داری لەو دارانە بخەنە سەرشانیان، ئەم شێوەیە خێری زۆرترە لەوە کە دوو کەس لەپێشەوەو دووکەس لەپاشەوە بن .

سوننەتە سەری مردوەکە لـە تابـووتا لـەپێشـــەوە بێ ، وەکاتێ گەیشتە سەرقـەبران وا دابنرێ سەری مردووەکـە بکەوێتە لای پێی قەبرەکەوە ، بۆئەوەی لەوکاتەدا ئەخرێتە قەبرەوە ، لەلای سەریەوە بـە ئارامی دایکێشنە ناو قەبرەکەیەوە. سوننەتە (تشییع) بەرێ کردنی جەنازەو ڕۆیشتن بە پیادە لەپێشی جەنازەکەوە باشترە لە ڕۆیشتن بەسواری یـا ڕۆیشتن لەپاشەوە مەگەر لەبەر عوزرێـکی مەعقوول ، وە سـوننەتە بـە پەلەپەل ببرێ ئەگەر ترسی گۆڕانی جەنازەکە نەبێ ، .. وە سوننەتە شتێ

بدرێ بەسەر جەنازەی ژندا بۆئەوە دایپوشێ •

کەراهەتی هەیە دەنگ بەرزکردنەوە ، لەگەڵ جەنازەدا ، هەروا لـە کاتی شـۆردنو نوێژکـردنو کفن‌کردنیا دەنـگ بـەرزەوە کردنو قەرەبالغ کردن • سوننەتە لە شوێنێکی پاکدا دانرێ تا قەبرەکەی تـەواو ئەبێ • هەروا کەراهەتی هەیە ئاگر هەڵگرتن بە شوێنی جەنازەدا ، مەگەر وا رێک‌کەوێ کە شەو دفن بکرێ ، بۆ ڕووناکی وەیا بۆ دەفعی سەرماو سـۆڵـە •

دفنی مردووان لە واجیباتە
لە واجیباتا لە موهیمماتە
ئینسان بە قەزا لە هەرکوێ بمرێ
هەر لەو شوێنەدا با دفن بکرێ
حەرامە نەقڵی بۆ مەقبەرەی دوور
بە بێ سەبەبی ڕووداوی زەروور
بەڵێ کە ترسی گۆڕانت نەبێ
ڕەوایە نەقڵی مردوو جێ‌بەجێ
بۆلای باوک‌و دایك خزم‌و براکان
یا قەبری، یەکێ لە صالحەکان
بەڵام پاش دفن حەرامە حەرام
دەرهێنانی لەش بە یاسای ئیسلام
مەگەر قەبرستان هەڵگرن تەواو
یا ترست ببێ لە غەرقی بە ئاو
یاخود غەصب بێ جێگەی قەبرەکەی
یابۆ ئەوە ڕووی بەرەو قیبلەکەی

نەقڵی ڕوفاتی وڵات بەوولات
حەرامە لە سەر دەلیل‌و ئیسبات
ژنی حاملە دفن ناگرێ
نەك حەملی زیندوو لەسکیا بمرێ
بە عەمەلیات با زوو بێتەدەر
با بۆ خۆی بژێ بە سوودو سەمەر
ئەگەر مردبوو لە سکی ئەوا
دفن قەیناکاو ئەمێنێ لەوا
مردوو بنێژن لە جێگەی چاکا
مولکی کەس نەبێ لە ناو ئەملاکا
جێگە قەبری باش لای پیاوی پاکە
دراوسێی صالح دراوسێی چاکە
ئینسانی پیرۆز خودا لێ‌خۆشبوو
باشە بۆ ڕەفیق بە نصیبت بوو
وە ( توفنا مع الابرار )
ئیشارەتێکە بۆ صوحبەت کاری
باشترین جێگەیش گۆڕخانەی گشتە
گۆڕستانی عام وێنەی بەهەشتە
لا باوك‌و دایك‌و خزم‌و دۆستان
قەبرت ئەبێتە وێنەی بۆستان
ڕێبوار فاتیحەت لەبۆ ئەخوێنن
دیاری ئیسلامی بۆ تۆ ئەنوێنن

نی‌یه‌تی تۆ بێ‌و دوعات بۆ بگا
یه‌قین ئه‌وابی به‌ڕۆحت ئه‌گا
فاتیحه‌که‌ی خوێند مه‌عنای ئیحسانه
که هه‌دی‌یه‌ی کرد قبووڵ ئاسانه
ئه‌گه‌ر بێ‌سووده بۆچ ئه‌نبیاکان
دوعایان ئه‌کرد بۆ موسوڵمانان
هه‌دییه له‌تۆو دوعا تۆ ئه‌یکه‌ی
قبووڵ له خودایش به ڕه‌حمه‌ته‌که‌ی
ئایه‌ی ( أدعونی أستجب ) به حه‌ق
مایه‌ی ڕجایه له‌بۆ مووه‌ففه‌ق
ته‌فصیلت ئه‌وێ ئه‌ی برای ئه‌مجه‌د
( طالع مسند الامام احمد )
ئه‌وی مونکیره با بڕوا بمرێ
قاپی ڕه‌حمه‌تی خودا چۆن ئه‌گرێ
دوو یاسای هه‌یه خودا بۆ ئوممه‌ت
یه‌که‌م یاسای فه‌ضڵ دووه‌م عه‌داله‌ت
جه‌زای خیری خۆت له عه‌داله‌ته
جه‌زای خێری خه‌ڵك فه‌ضڵ‌و ڕه‌حمه‌ته
هه‌روا دیاری خێرو صه‌ده‌قات
چ له‌بۆ ئه‌حیا چ له‌بۆ ئه‌موات
بخوێنیته‌وه ئایه‌ی سووره‌ی طوور
سه‌رانسه‌ر دلت دائه‌گرێ به نوور

با قەبری مردوو گەورەو ڕەسا بێ
قوولی ئەوەندەی بەرزی بالا بێ
دەستی بەرزیشی بهاوێتە سەر
ئەمەیە یاسای ئیسلامی ئەنوەر
جا ئەگەر زەوی توندو مەحکەمە
ئەلحەد چاترە لادرە ئەمە
مردووی تێ هاوی لەسەر شانی ڕاس
بەرەو ڕووی قیبلە ( كعبة الله )ی خاص
فەتحەی پشتەکەی بگری سەراسەر
جا خاکی تێکەن تا ئەگاتە سەر
ئەگەر نەرمیشە خاکی ئەو شوێنە
لەسەر گۆڕیچە شێوەی بنوێنە
لەو حالەیانا هەلی ئەکەنێ
بە قەدەر لەشی ئەو گۆڕ هەڵئەچنی
مردوو ڕاکێشن بێ ئیش و ئازار
بە یاسای ئەدەب لەسەر ئیعتیبار
حەوت جار بخوێنن « انا انزلنا »
بە مشتی خاکاو بیکەن بە سەریا
کە ڕاتان کێشا دڵ لە بۆی گریا
خشتێ دابنێن لە ژێری سەریا
کفنی ڕووی لادەن هەتا ڕوخساری
دەربخا لە بۆ خودای غفاری

ئەگەر ئەو عەرزە وەك ئاوە زێیە
بۆ مردوو تابووت بەشەرع بەجێیە
لە تابووتیشا دایبنێن لەسەر شان
ڕووبەڕووی قیبلە « كعبة الرحمن »
ئەنا واجبە كە تابووت بشكێ
ڕووی هەڵسووڕێنیو بەرەو قیبلە بێ
كە لامان هەر لای ذاتی خودا بێ
با ڕوومان بەرەو ( كعبة الله ) بێ
لامان هەر لەلای ذاتی خودایە
قیبلەمان بەیتی ( كعبة الله )یە
پاش ئەمە خاكی بكەن بەسەرا
تەواو ببشێلن لە سەرو بەرا
هیچ مانیع نیە لە كێلی قەبران
سێ لە بۆ پیاوو دوو لە بۆ ژنان
ئەگەر ئەو عەرزە لە ئاوەزێیە
تابووت بۆ مردوو گەلێ بەجێیە
ئەنا هەر كفن بەشێكە وافی
( حسبنا الله ونعم الكافي )
دووكەس لە قەبرێ ئەگەر مەحرەم بن
كارێ مەكرووهە گوێ بگرن لە من
كە نامەحرەم بن ( قطعاً ) حەرامە
خیلافی دینی پاكی ئیسلامە
قەبری كۆن ئەگەر مردوو ڕزابێ
بۆ مردووی تازە ئەبێ ڕەوا بێ

دفن له شەوا غەیرە مەکرووهە
لای هەندێ زانا کاری مەشبووهە
بەقەدەر بستێ قەبری موسولمان
بەرز ئەکرێتەوە لەبەر نەزەرمان
بەلام وا باشە کە ( مسطح ) بێ
نەك ( مسنم ) بێ لە لات ( أصح ) بێ
( مسنم ) واتە ناوەڕاست بەرزە
ئەملاو ئەولاکەی ڕێکی ڕووی عەرزە
پاش دفنی مردوو بە یاسای ئەدەب
تەلقینی بکەن پوختەو مورەتتەب
مەلا بەرەوڕووی مردوو دانیشێ
دڵ پاك کاتەوە لە هەموو ئێشێ
خەلکیش ڕاوەستن هەموو گوێ بگرن
بیربکەنەوە ئەوانیش ئەمرن
بلێ : ئەی برای دینو ئاییننم
ئەی خۆشکی خاوەن حەیاو تەمکینم
تۆی وا جێگەت گرت لە تەختی قەبرا
دوورکەوتیتەوە لە خزمو برا
فەرامۆش مەکە عەهدو پەیمانت
یاسای ئیسلامیو دینو ئیمانت
دوو فریشتە دێن لە بۆ پرسیار
لە دین لە ڕەهبەر لە پەروەردگار

بە زمانی پاك بڵێ بەوانە
خودام ( الله ) یە خودای جیهانە
( محمد ) خاوەن ئایاتی قورئان
پێغەمبەرمانە بۆ ئاخر زەمان
هەرچی فەرمووە وەرم گرتووە
دڵم ئەوانەی ون نەکردووە
مردوو لە تەلقینێ بە حەق تێ ئەگا
ڕۆحی لە مانای ئاگایە ئاگا
مردوو ئاگایەو زیندوو نوستووە
دونیا دەروازەی دڵی بەستووە
ماوەی مابەینی دونیاو قیامەت
ناوی بەرزەخە بە یاسای لوغەت
ڕۆح والەکارا جیسمی بەرزەخی
چ بۆ بەهەشتی چ بۆ دوزەخی
جیسمی بەرزەخی وەك جیسمی جبریل
لەوکاتا ئەهات بۆ وەحیو تەنزیل
قەبریش باخێکە لە باخی بەهەشت
یاخود دۆزەخە بۆ مەردی بەرگەشت
تێفکرن مەعنای فەرمودەی ڕەهبەر
لە دوعای ( تثبیت ) ببن باخەبەر
( ان الانسان یسئل ) ڕاسە
ڕێگای ئینسانی حەقیقەت ناسە
کە بەجێیان هێشت هەندێ لە خزمان
ڕاوەستن لەویا ڕوبعێ لە زەمان

ئەبێ بە چاری وەحشەتی ڕۆحی
ئەبێ بە مایەی دەرکو فتووحی
ئەمە سوننەتە بە یاسای ئیسلام
ڕۆح بەم مانەوە ئەگا بە مەرام
ئەمجار ئەو کەسەیش بڕواتەوە ماڵ
بیدەنە دەستی خودای ( ذی الجلال )
لە قەبرستانا عەرز دامەگرن
کارێ حەرامە خووی پێوە مەگرن
پێویستێ نییە بە بینای مردوو
مەیکەن بە خانووی پاشای ڕابوردوو
ئەوەن پێویستە شوێنی مەعلووم بێ
شەخسی گەورە بێو طفلی مەعصووم بێ
بەڵێ داری تەڕ بڕوێنن لەوێ
یا گوڵی بۆن خۆش ئەگەر ڕێکەوێ
گیاو داری تەڕ لەویا بمێنن
بە زیکری خوا ڕەحمەت ئەنوێنن
ئەمە فەرموودەی زاتی حەزرەتە
بۆ خاوەن ئیمان مایەی عیبرەتە
باوەڕتان ببێ کە ڕەحمی خودا
لەسەر خێراتە لە ڕۆژو شەودا
نانی داماوی بەرگی هەتیوی
نەك صەرفی پارە لەدۆلو شیوی

لای کەمی قەبر چاڵێکی وایە نەیەڵێت بۆنی مردووەکە بێتە دەرەوەو مەنعی دڕونده بکا لەوە کە مردووەکە دەرکێشێتە دەرەوە • سونەتە قەبر ئەوەندە ڕەسا بێ بە ئاسانی جێگەی مردووەکەی تیا بێتەوە ، وە ئەوەندە قووڵی بێ کە ئینسانێکی نەکورتو نە درێژ لەناویا ڕاوەستێ هەردوو دەستی هەڵبڕێ ئەوسا بگاتە لێوارەکەی ، جا ئەگەر ئەو زەوی یە ڕەق بوو واچاکە قەبرەکەی ( ئەلحەد ) بێ ، واتە لادڕ بێ ، یانی لە لای قەدی قەبرەکەوە زەوی یەکە بەقەد لەشی مردووەکە هەڵبدڕنو مردووەکەی تێ خەن •

ئەگەر زەوی یەکەی نەرم بێ ، هەر لە ناو چاڵەکەدا گۆڕیچەی بۆ دوروست بکەن ، ئەوجار مردووەکە کە لای پێی قەبرەکەدایە ، بەنەرمی لە لای سەریەوە ئەهێنرێ بۆ ناو قەبرەکە • سونەتیشە ئەوکەسانە کەئەم ئیشە ئەکەن ، ئەوانەبن کە نوێژەکەیان لەسەر کردوە ، وە هەر ئەوکەسانە جلێ بێنن بیدەن بەسەر قەبرەکەدا تا مردووەکە لە جێگەی خۆیا دائەمەزرێنن ، بەڵێ بۆ ژنێ کە شووی هەبێ شووەکەی لە هەموو کەس چاترە بۆ داهێشتنی بۆ ناو قەبرەکەی ، جا ئەگەر قەبرەکەی لادڕ بوو لەسەر لای ڕاست ڕای بکێشنو پاڵی بدەن بەوپەڕی قەبرەکەوەو ڕووی لە قیبلە کەنو پشتەکەی بە خشت یایە بەرد بگرن • ئەگەر بە تەختەداریش بێ هەر باشە • جا قەبرەکەی بەسەرا پڕبکەنەوە سونەتە خشتێ بخەنە ژێر سەری مردووەکەوەو ڕووی لە قیبلە بێ • سونەتە بۆ ئەوکەسە کە لە قەراغی قەبرەکەدایە سێ مشت خۆڵ لە خۆڵی گۆڕەکە هەڵبگرێ بەسەر یەکەمیانا ( منها خلقناکم )و بەسەر دووهەمیانا ( ومنها نعیدکم ) و بەسەر سێهەمیانا (ومنها نخرجکم تارة أخری) بخوێنێو لەپاشان ئەو مشتە خۆڵانە یەکەیەکە

بکاتە خوارەوە بۆلای سەری مردووەکە • هەروەها سوننەتە یەکێ مشتێ خاك هەڵبگرێو حەوت جار ( انا انزلنا )ی بەسەرا بخـوێنێ تـا ئـاخری سوورەتەکە ، ئەمجا ئەو خۆڵە بکا بەسەر کفنەکەیا • جا پاش ئەمە خـوڵ بکرێتە قـەبرەکەوە تا پڕبێتـەوە ، سـوننەتە قەبرەکـە بەقەدەر بستـێ بەرزبکرێتەوە بەڵام بەرزی‌یەکەی واباشە لە سەرو خوارەوە رێک بێ ، نەک لە خوارەوە تەخت بێو لە سەرەوە باریک بێ • سوننەتە یەکێ لەوانە کە مردووەکە ئەخەنە ناوقەبرەکەوە بڵێ ( بسم الله ومن الله وعلى ملة رسول الله ) ، هـەروەها سـوننەتە هیـچ فەرش لەژێر مردووەکـەدا ڕانەخەن • کەراهەتی هەیە مردوو لەتابووتا بخەنە قەبرەوە مەگەر خاکەکەی نمدارو ڕووخەك بێ • سـوننەتە سـەری قەبرەکـە ئاوپرشـێن بکـرێو بیکوتنەوە و حەوت بەردی بچووك بەڕیز لەسەر قەبرەکە دابنرێنو لەلای سەریەوە کێلێـکی بۆ داکوتن ، ئەگـەر بەردێکیش لەلای پێیـەوەو ، بەردیکیش لەناوەڕاستی قەبری پیاودا هەبێ باشترە بۆ ئـەوەی قـەبری پیـاو لـە قەبری ژن جیا بکرێتەوە ، بەڵکو ئیحسانە • هەندێ لەزانایانی شەرع ئەڵێن ئەمەیش بەقیاس لەسەر بەرد دانانی حەزرەتە (ص) لـەلای سەری مردووەکەوە کە لە پاش دفنی عوسمانی کوڕی مەطعوون بەردێکی هێناو لەسەر حاستی سەری عوسمان لە سەر قەبرەکەی دای‌مـەزراندو فەرمووی بەم بەردە قەبری عوسمان دیاری ئەکەم بۆ ئەوە کاتێ هاتم بۆ زیارەتی لێم ون نەبێ • سوننەتە پاش داپۆشـینی قەبرەکە ئیمام تەڵقینی مردووەکە بکا ، بەم جۆرە لە بەرەو ڕوویەوە دانیشێ پشت لە قیبلە بکاو ، خەڵکەکەیش ڕاوەستنو بڵێت ( یَا عَبْدَ اللهِ ابنَ اَمَـةِ اللهِ اذکُـرِ الْعَهْدَ الَّذي خَرَجْتَ عَلَيْهِ مِنَ الدُّنيا، وَهُوَ شَهَادَةُ اَنْ لا اِلهَ اِلاّ اللهُ وَحْدَهُ لاَ شَرِيكَ لَهُ وَاَنَّ مُحَمَّداً رَسُولُ اللهِ ، وَاَنَّ الْجنَّةَ حَقٌ ، وَانَّ النَّارَ حَقٌ ، وَاَنَّ الْبَعْثَ حَقٌ ،

وأنَ السَّاعةَ آتيةٌ لا رَيْبَ فيها ، وأنَّ اللهَ يبعثُ مَنْ في القُبُورِ ،
وأنكَ رَضيتَ باللهِ رَبّاً ، وَبالاِسْلامِ ديناً وبمُحَمَّد (ص)
نَبيّاً وَرسُولاً ، وبالقُرآنِ اماماً وَبالكَعْبَة قِبْلَةً وبالمؤمنينَ
اخْوَاناً • رَبِّي اللهُ لا اله الا هُو عَلَيْهِ تَوَكَّلْتُ وَهُوَ رَبُّ
الْعَرْشِ الْعظيم ) سوننەتە ئەمە سێ جار دووبارە بکرێتەوەو سوننەتە
لەپاش تەڵقینەکە هەموو خەڵکەکە دوعای ( تثبیت ) بکەن بۆ مردووەکە ،
واتە دوعای ئەوەکە خوای تەعالا زمانی ئەو مردووە دابمەزرێنێ
بەجۆرێ کەوەڵامی فریشتەکان بداتەوەو سوننەتە ئەم کۆمەڵە کە دوعاکە
ئەخوێنن چەند دەقیقە لەسەر قەبرەکە ڕاوەستن •

وەئەگەر هەموویان ڕانەوەستان یەکێ لە خزمو برایانی کابرا
ڕاوەستێ بۆ ئەوە کە ئەو مردووە لە وەحشەتی قەبر دەرچێ • سوننەتە
گۆڕخانەی هەر خێزانێك پێکەوە بێ • دروست نی یە لەپاش دفن قەبر
هەڵدرێتەوە مەگەر ماڵی کەسێکی تێ کەوتبێ ، هەروا دروست نی یە
هەڵی بدەنەوەو مردووەکە بگوێزنەوە مەگەر لەبەر ناچاری یەك وەکو
ئەوە ئەو ئەرزەی تێدا نێژراوە ئەرزی یەکێکی تربێ و داگیر کرابێ
بۆ قەبر ، یا مردووەکە بە نەشۆراوی خراپێتە قەبرەوە ، وە هێشتا لەشی
تێك نەچووبێ ، ئەگینا دروست نی یە دەری بێنی ئەگەرچی نەیشۆرابێ
بەڵام ئەگەر مردووەکە ڕووی لە قیبلە نەکرابێ ، ئەوە پێویستە
ئەو قەبرە هەڵدرێتەوەو ڕووی مردووەکە لە قیبلە بکرێ وە دروست نی یە
مردوو لەپێش دفن کردنیشا لەو شوێنەی تیا مردووە بگوێزرێتەوە بۆ
شوێنێکی تر، مەگەر بە دوو مەرج یەکەم ترسی گۆڕانی بۆنی مردووەکەت
نەبێ ، دووهەم بۆلای قەبرستانی باوك دایكو خزمو برای خۆی ببرێ ،
وەیا بۆ قەبرستانی یەکێ لە پیاو چاکان کە بە تەقواو خواپەرستی بەناوبانگ
بووبێ ، یاخود ئەو مردووە نزیك بێ لە مەککەوە یا مەدینە یا ( مسجد

الأقصى ) زادها الله شرفا •

دروست نی‌یه دوو مردوو بخرێنه قه‌برێکه‌وه مه‌گه‌ر له‌به‌ر ناچاری ، ئه‌م حاله‌ته‌دا کامیان گه‌وره‌تره ئه‌خرێته پێشه‌وه •• به‌ڵێ دوو که‌س که مه‌حره‌م بن به‌یه‌ك وه‌کو باوك‌و کوڕ یا دوو برا یا ژن‌و مێرد ئه‌وه دروسته له قه‌برێکدا دفن بکرێن به‌لام مه‌کرووهه • ناشتنی مردوو له گۆڕستانی گشتی‌دا باشتره له دفنی له‌شوێنی تایبه‌تی وه‌کو خانووی ناو ئاوه‌دانی ، •• چونکه له گۆڕستانی گشتیدا مردووی صالح زۆره وه ڕێبواریش فاتیحه‌یان بۆ ئه‌خوێنن وه یاسای ئیسلامیش له‌سه‌ر ئه‌وه هاتووه بۆ ئێمه • به‌ڵێ ئه‌گه‌ر سوودێکی شه‌رعی بێ له‌وه‌دا که به‌تایبه‌تی دفن بکرێ ئه‌وه باشه ، وه‌کو ئه‌وه کوڕێکی بێ بی‌یه‌وێ قورئان له‌سه‌ر قه‌بره‌که‌ی بخوێنێ وه‌له خانوودا بۆی بکرێ • دروست نی‌یه بینای قه‌بر چ له‌ناو قه‌بره‌که‌وه‌و چ له‌ده‌ره‌وه‌مادام له قه‌برستانی گشتی‌دا بێ ، چونکه ئه‌بێ به‌هۆی داگرتنی عه‌رزی مه‌وقووفه‌ی قه‌برستانه‌که‌و ئه‌ویشه حه‌رامه ، به‌لام بینای قه‌بر له موڵکی خاوه‌نه‌که‌یا ئه‌وه ئه‌گه‌ر له‌به‌ر ناچاری بێ (مثلا) بۆ ده‌فعی ئاو یا دوژمن یا دڕوونده یا شتێکی‌تر ئه‌وه دروسته ، به‌ڵکو له هه‌ندێ ( مادة )دا واجبه ئه‌گه‌ر ناچاری نه‌بوو ئه‌وه مه‌کرووهه •

به‌ڵێ هه‌ندێ له فوقه‌ها فه‌رموویانه له گۆڕستانی گشتیشا دروسته ؛ چونکه وه‌قفی عه‌رزه‌که بۆ قه‌بر ، مه‌عنای ئه‌وه‌یه هه‌رچی بۆ قه‌بر پێویست بێ ئه‌کرێ بۆ پاراستنی مردوو له دڕنده وه له ڕووخانی قه‌بره‌که‌و له هه‌ڵدانه‌وه‌ی خه‌ڵکی بۆ ئه‌وقه‌بره له‌کاتی (اشتباه) دا • ئیسته ئه‌گه‌ر ئه‌و قه‌بره له‌ناوه‌وه‌و له‌ده‌ره‌وه قایم نه‌کرێ زۆر نابا که‌ئه‌و قه‌بره ئاثاری نامێنێ ، به‌ڵکو خه‌ڵکی به ناحه‌ق ئه‌و قه‌بره وێران ئه‌که‌ن‌و مردوویه‌کی تازه‌ی تێ ئه‌خه‌ن ••• ( فقط ) له‌م صووره‌ته‌یشا دروست‌بوونه‌که ( مقيده ) به ئه‌ندازه‌ی پێویسته‌وه ، دروسته بۆ که‌س‌و

کاری مردوو یا دۆستو برادەرانی ڕوخساری مردووەکـە ماچبکەن •
سوننەتە خەبەردان بە موسوڵمانان تـا لـە مردنی کابرا ئاگابنەوەو ئامادەی تەشییعی جەنازەی‌و ڕەوانەکردنی بۆ سەرقەبران بین •

بەڵام بانگەواز کردن‌و تاریف کردنی مردووەکە حەرامە • دروستە گریان لەسەر مردوو بەئەدەب چ لەپێش گیان دەرچوونی وەچ لـەپاش گیان دەرچوونی ••• بەو مەرجە لەگەڵ هاوارو لەسنگ‌دان‌و قوڕپێوانـا نەبێ ، یەخە دادڕین‌و موبڕین‌و بـەرگی ڕەش لەبەرکردن‌و گۆڕینی بەرگ‌و پۆشاکی عادەتی هەموو ئەمانە حەرامن ، هـەروا درێژەدان بـە ماتەم زیاد لەسێ ڕۆژ حەرامە ، هەروا تازەکردنەوەی ماتەم لـە جـەژنی یەکەمی پاش مردنی کابرا یا لەپاش تێپەڕبوونی ساڵێك بەسەریا ، هەموو ئـەم یاسایانە حەرامن‌و لە لایەنی یاسای زەمانی جاهیلی‌یەوە ، وە لەلایەن کفرەکانەوە هاتووەو بۆ ئێمە ماوەتەوە ••

سوننەتە لەبۆ گەلی دراوسێ
ئەوەی ئاینی ئیسلام ئەناسێ
نان دورست بکا بۆ ئەهلی مردوو
ئیلحاحیش بکا بیخۆن زووبەزوو
لای ماڵی مردوو خواردنی طەعام
بێ دەلیلی دین حەرامە حەرام
دەلیل سیانە یەکەم وەصییە
بۆ خواردەمەنی گەلێ تەعزیە
بە عیبارەتێ دوور بێ لە تاوان
نەك بۆ ژنانی گۆرانی‌و گریان
ئەمەی فەرمووە ( شیخ ابن حجر )
لە جەتائیزدا ( تحفه )ی موعتەبەر

دووهەم ئەمەیە لەسەر دەستەوام
ئەهلی ئەو شوێنە دروست کەن طەعام
بڕیاری بدەن بە فیکری خۆیان
نان و چیشت بدەن بە کەلی میوان
جا هەر کەسێ مرد لە خەڵکی ئەو دێ
نانی تەعزیە وەها بێتە جێ(۱)
سێهەم ئەمەیە کە ئەو کەسانە
تەعزیە ئەکەن لەو برایانە
لەپێش خۆیانا مادە بنێرن
بە خاوەن کاری مردووی بسپێرن
تا ئەمان ئەڕۆن نانیان بۆ ئەکەن
بەشی ئەوان و خەڵکی تر ئەدەن
ئەگەرنا چ بکەین لە ئینسانی دوور
دێ بو تەعزیە ناچارو زەروور
تابیەتی وەکو خزم و براکان
یادۆستی ڕاستی بۆ مردووەکان
ناچارین لە بۆ نانی ئەمانە
زەحمەت بکێشین بەپێی زەمانە

## تەعزیەو دانیشتن لەبۆ تەعزیە

تەعزیە کردن لە گەڵی مردوو
سوننەتی دینە بە بێ یەک و دوو

(۱) باسی ( جنائز ) له كتابی (الانوار) .

یاسای ئیسلامەو سوننەتی دینە
مایەی دڵخۆشی برای ئایینە
بەڵام دانیشتن لە بۆ تەعزیەیە
نەبوە لەعەسری ( خیرالبریە )
هەرچەند مەشهوورە کە زاتی ڕەهبەر
دانیشت لە مزگەوت پاش مەرگی جەعفەر
یاران تەعزیەی ذاتی ئەویان کرد
ئەمە ثابیتە باش تێفکرە ورد
کە دونیا گۆڕا بە مایەو غایە
ئیمامی ( مالك ) فەرمووی ڕەوایە
هەروا ڕەوایدا ئیمامی ئەعزەم
دانیشتن لەبۆ تەعزیەو ماتەم
چ لەناو ماڵا یاخۆ لە مزگەوت
یا جێی تەعزیە هەرچۆنی رێکەوت
( واقعا ) مردوو عەلاقەدارە
بە ئەوەی خزمو براو غەمخوارە
گەلێ زەحمەتە ئەوە دامەزرێ
کە کەس نەپرسێ لەوکەمە ئەمرێ
عەلاقەی دۆستی ئەبڕێ لەناوا
ڕەنجی چەند ساڵە ئەدرێ بەئاوا
بەلام بفامن بە یاسای شەرعی
تەعزیە بکەن لە ئەصڵو فەرعی

بەم هاتوچووە دڵیان خۆش ئەبێ
ئێشی مەرگی باب فەرامۆش ئەبێ

## قورئان خوێندن لە تەعزیەدا

لە تەعزیەدا خوێندنی قورئان
گەلێ بەسوودە بۆ موسوڵمانان
یەکەم ئەو خەڵقە لە گەورەو منداڵ
دوورئەکەونەوە لە واتەی بەتاڵ
دوو بە بیستنی ئایاتی قورئان
ڕەحمەت دێتە خوار بۆ هەموو ئەوان
سێهەم بەنیازی ئەوابی مردوو
خێری بۆ ئەروا بە بێ یەکو دوو
بەپێی ئەو ( نصــّه ) وا لە بەرچاوا
بۆ ( ابن حجر ) ماوە لەناوا
خۆ ( ابن حجر ) جێی باوەڕ نەبێ
کۆمەڵی ئێمە مەعلووم گەڕئەبێ
ئەنجا ( قراءات ) لەگەڵ ( اهدا )دا
قورئان خوێندنە لەگەڵ دوعادا
هیچ کەسێ ناڵێ کە قورئان خوێندن
بێخێرە کاتی ( تلاوة ) کردن
خوێندی بۆ مردوو ئەوابەکەی خۆی
لەسەر شەزاکەت ( اهدا ) ئەکا بۆی

که ( اهدا )ی بکەی لە گەڵ دوعادا
مەقبوولە بە حەق لە بارەکادا
زیاد لەمانە هەر کاری هەبێ
کە نەهیی ( شارع ) لەو کارە نەبێ
ئەوە ( اباحە ) ئەبێ بە حوکمی
ئەمە ئابینە بەشێوەی حەتمی
ئیتر هەرکەسێ ئەم ڕێگا بگرێ
رێی ڕەحمەتی حەق لەسەر خۆی ئەکرێ

## باسی پرسەو قورئان خوێندنو
## نان خواردنی پرسە

سونەتە بۆ دراوسێی ماڵی مردوو ، نان بۆ ماڵی مردووەکە دروستبکەن لەو شەوو ڕۆژەدا کە مردووەکەیان ئەمرێو هەوڵیشیان لەگەڵا بدەن بۆ ئەوە بیخۆن ، .. بەڵام حەرامە نان دروست کردن بۆ ئەوکەسانەی کە بە مردووەکەدا ئەخوێنن و کەس و کاری ئەگریێنن . سونەتە پرسەو دڵخۆشیدانەوەی کەس و کاری مردوو کە کەسێکیان مردووە موسوڵمان بێ یا کافری ( ذمّی ) ، وەسونەتە ڕۆیشتن بۆ سەر قەبران لەگەڵ جەنازەی گاور یا جوولەکە بەمەرجێ خاوەن مردووەکە موسوڵمان بێ یا کافری ( ذمی ) یانێ کافری ناو وولاتی ئیسلام ، هەروا بۆ ئەو کافرانەیش کە مامەڵەو تێکەڵی شەرعی لەگەڵیانا هەیە . حەرامە کەسانێك کە خاوەنی مردووەکەن خواردەمەنی دروست بکەن بۆ خەڵك ، بەتایبەتی ئەگەر یەکێ لە میرات بەرەکان نا ( بالغ ) بێ وەیاخود ( سفیە )و بێماریفەت بێ .

مەگەر کابرای مردوو کاتی خۆی وەصیەتی کردبێ کە ئەندازەیەك

لـه ماڵـی صەرف بکرێ بۆ خـواردەمەنی ئەوانـەی دێن بۆ پرسـە • بەومەرجە وەصیەتەکەی ئەوانە نەگرێتەوە کـە دین هـەڵەخوێنن بـە مردوەکەدا •

ڕێگایەکیتر هـەیە بۆ خـواردەمـەنی پرسـەکەر ئـەویش ئەوەیە ئەوانەی ئەڕۆن بۆ پرسە ، بەقەدەر خواردەمەنی خۆیان یان زیاتر پارە یاخۆ خواردەمەنی ، وەکو حەیوانو برنجو رۆنو شەکرو چای بنێرن بۆ ئەو ماڵە لەپێش چوونی خویانا بە نیازی ئەوە کە خۆیـان لەوە بخـۆنو پاشماوەکەی بۆ ئەو ماڵە بێ • بەڕاستی ئەم شێوەیە گەلێك موناسبە بۆئەوەی ئینسان گیرۆدەی خواردنی حەرام نەبێ ، بەتایبەتی ماڵی هەتیو •

درێژەی ئەم باسە ئەمەیە ، ئەمڕۆ کە ترومبێل هەیەو هاتوچۆ ئاسانە، ئەوکەسانەی ئەگەنەوە ماڵی خۆیان پێویستە بگەڕێنەوە بۆ ئـەو شـوێنی خۆیانە شار بێ یا لادێ ، بەڵام بۆ ئـەوانەی کە شوێنەکـەیان ڕێـگەی ترومبێلی لەسەر نییە وەیان دوورە فریاناکەون بگەڕێنەوە ، پێویستە چاری خواردنیان بکرێ بەو شێوەیە ، یا بە وەصیەتی کابرای مردوو ، وە یاخود بەهۆی ئەوماڵەوە کە پرسەکەرەکان ڕەوانەی ئەکەن بۆ ماڵی مردووەکە ، وەیا بە دەستەوام لەناو خەڵکی ئەو شوێنەدا کە بەقەدەر حاڵ نـان بدەن بەوانە کە دێن بۆ پرسەی هەر ماڵێك مردوویان لێ بمرێ •

باشتر لەناو ئەم صـوورەتانەدا ئـەوەیە کە پرسەکەرەکان لـەپێش خۆیانەوە شت بنێرن • پێویستە بزانین کە تەعزییەکردن سـونەتەو ئیحسـانە ، بـەڵام دانیشـتنی ئەهلی مـردووەکـە بـۆ پێشـوازیو بـە خێراتنی ئـەوانـە دێن بۆ پرسـە سـونەت نییـە • بەڵـێ ڕیوایەتێ هەیە کە لـە پاش شەهید بوونی جەعفـەری ئامۆزای

حەزرەت ( ص) لە غەزادا لەگەڵ زەیدی کوڕی ( حارثە )دا تەشریفی لە
مزگەوتا دانیشتو خەڵکی ئەهاتن تەعزیەیان لێ ئەکرد • لەڕاستیدا کە لە
زەمانی حەزرەتا بۆ تەعزی‌یە دانەئەنیشتن مەعذوور بوون ، چونـــکە
ئەرکی بڵاوکردنەوەی ئایینی ئیسلام و غەزا لە ئارادا بووە ، ئەمڕۆ ئەوە
نی‌یەو ، مادام ئەصڵی تەعزی‌یە سوننەتە ئیمامی ( مالك )و ئیمامی ( ابو
حنیفە ) ڕەوایان‌داوە کە خاوەن‌مردووەکە لەشوێنێکدا دابنیشێو خەڵکی
تەعزی‌یەی لێ بکەن تاسێ ڕۆژ ، ئەمە دروستە •

## تەعزیە بیدعەت نی‌یە

مەکەونە شوێنی واتەی بێ قیمەت
کەوا تەعزی‌یە دوورە لە سوننەت
یانێ بیدعەتەو دوورە لە ئیحسان
واتەی نەفامەو شەریعەت نەزان
ئەو ( محدثاتە ) خاوەن ( رسالة )
فەرمووی ( بدعة )ە و ( بدعة ) ضەلالە
کارێکی وایە خارج بێ لە دین
یانێ ( نصوص )ی قورئانی ( مبین )
هەروا ( نصوص )ی حەدیثی شەریف
کەئەبێ بەجێ لەباتی تەکلیف
مەنطووقو مەفهووم لە ڕووی ( عبارة )
ئەمجا ( اقتضا )و ئیماو ( اشارة )
اقتضاء النص ، دلالة النص
ئەمحارە بەشی اشارة النص

ترسی مەلوولیم نەبوا لێتەوە
میثالم لە بۆ ئەهانیتەوە
هەروا خارج بێ لە جێگەی ( اجماع )
یانێ ( اتفاق ) بێ شوبهەو نیزاع
خارج لە قیاس لەگەڵ ( استدلال )
بۆ ( مجتهد )ی بە عیلمو کەمال
( مجتهد ) لەلای ڕەهبەری پڕنوور
( مصیب )و ( مخطیء ) مەئجوورن مەئجوور
لای مەردی زانا ( مجتهد ) بەرزە
چرای ڕووناکی تەختی سەر عەرزە
( خواص )و ( عوام ) ڕێزیان لێ ئەگرن
فەرمانی ئەوان بە دڵ وەرئەگرن
ئەگەر ( مجتهد ) نەبێ لە کارا
کاکە پێم بڵێ چیت وا لەبارا
موجتەهیدەکان لە لای زانیاران
ڕەحمەتیان هێنا بۆ رۆزگاران
ئەگەر بەمجۆرە نەگەی بە ( عرفان )
زۆر ماتڵ ئەبی لە ( نص )ی قورئان
جەمعی ئایاتو ( نصوص )ی حەدیث
کەوتە پاش فەوتی حەزرەتی ڕەئیس
گەلێ موشکیلەی چەرخی خولەفا
بە ( اجتهاد ) بوو لای خاوەن صەفا

تەدوێنی نەحوو صەرفی موبارەك
لە چەرخی عەلی کەوتە تەدارەك
( اجتهاد ) کاری خاوەن کەماڵە
کەی جێگەی تانەی وردە منالە
عەلاوەی ئەمە دەلیلێکی حەق
قول الرّسول الاعلى الموفّق :
اقرؤا ( يس ) على موتاكم
نصٌ معلومٌ وقد أتاكم
جائەگەر ( موتی ) بە حەقیقەتە
قورئان بۆ مردوو خێرو ڕەحمەتە
ئەگەر مەجازە و ئەوە مەقصودە
بۆ زیندووی موشریف قورئان بەسوودە
مادام بۆ زیندوو قورئان بەسوودە
بۆ مردووی داماو زیاتر مەقصوودە

ئـەم یاسـاو شـێوەیە کـە ئیسـتا هەیە واتـە لـە شـوێنێکدا لـە تەعزیەخانەدا دائەنیشن و ۲ قورئانخوێن قورئان ئەخوێنێ و یەکەیەکەو کۆمەڵ کۆمەڵ خەڵك دێن بۆ پرسەو فاتیحە ئەخوێنن و پاش مـاوەیـەك دووبارە فاتیحە ئەخوێنن و ئەڕۆن ، ئەم شێوەیە هەرچەند زوو نەبوە بەلام شێوەیەکی مناسب و حەلاڵەو خاوەن سوودە لە بابەتی دینەوە .

یەکەم بە هۆی قورئان خوێندنەکەوە خەڵکی بێ دەنگ ئەبن و لـە واتەی پڕوپووچ دور ئەکـەونەوە . دووهـەم هـەموویان خێری گوێ گرتنیان لەو قورئانە دەست ئەکەوێ . سێهەم ئەوکەسانە کـە لـە مەعنای

ورئانەکە حاڵی ئەبن هەندێ دەرزی ئامۆژگاری وەرئەگرن •

چوارەم ئەو قورئان خوێنە مادام نی‌یەتی ئەوەی بێ کە مردووەکە ئەوابا شەریك بێ‌و لەئەنجاما دوعای بۆ بکا ، ئەوە ئەو مردووە بەو ئەوابە ئەگا • لە مەزهەبی شافیعی‌دا زانای وەکو ( ابن حجر )و ، لە مەزهەبی حەنەفیدا زانای وەکو ( ابن العابدین )و ، ئیمامی ئەحمەد خۆی ئەفەرموون ئەوابی قورئان خوێندن وەکو بۆ قورئان خوێنەکە هەیە ، ئەگات بەوکەسەیش قورئانەکەی بۆ ئەخوێنرێ • لەم جۆرە باسانە ئەگەر کەسێ ( مخالف ) بێ ئەوە ئیعتیبار بە قسەکەی ناکرێ ؟ چونکە دەلیلی ( مقابل ) بەهێزترە • ئەم جۆرە ئەوابە بە فەضڵو ڕەحمەتی خودا ئەگا بە موسوڵمانان • زیاد لەمانە ئەوکەسە قورئانەکە ئەخوێنێ خۆی بە (نص)ی فەرموودەی حەزرەت (ص) لەسەر هەموو وشەیەک (١٠) دە حەسەناتی پێ ئەگا ئەمە لای موسوڵمانان دیاردو جێگەی ئینکار نی‌یەو ، کابرای قورئان خوێن کە ئەوابەکەی ڕەوانەکرد بۆ مردووەکەو ، دوعای کردو وتی : خوایە وێنەی خێری ئەم خوێندنی منە ڕەوانە بکە بۆ فلانە کەس ئەوە بە بێ شوبهە ئەو خێرەی پێ ئەگا • چونکە لە قورئاندا خوا دوعاکردنی پێغەمبەرەکان بۆ موسوڵمانان بەیان ئەکا • وە تاریفی ئەوانەیشی کردووە کەدوعا ئەکەن بۆ موسوڵمانانی ڕابووردووی خۆیان• خوایش فەرمویەتی : ( أدعوني أستجب ) ئیتر ئەوکەسە کە ڕێگە لەم خێرە ئەگرێ ، ئەوە ڕێگەی ڕەحمەت لە خۆی ئەگرێ ، چونکە لەسەر ئەو بیروباوەڕی خۆیە خۆی بێ‌بەش ئەبێ لەو خێرو ئەوابە •

زیاد لەمە حەزرەت (ص) فەرموویەتی ( سوورەتی یاسین بخوێنن بەسەر مردووەکانتانا ) ئەگەر مەبەس لە مردوو ئەوانە بێ کە مردوون ، ئەوا دەرکەوت بەم فەرموودەیە کەخوێندنی یاسین قازانجی هەیە بۆ مردووەکان • ئەگار مەبەسیش لە مردوو ئەو کەسانەن کەوا لەگیانەلادان

نزیکە بمرن ، ئەوا دەرکەوت کەیاسین قازانجی هەیە بۆ زیندوو ، خوای بــە قازانجی ئاسانی گیان دەرچوون بێ یا خێر بێ ، ••• وە مادام یاسین بۆ زیندوو باش بێ بۆ مردوو بە ( طریق الاولی ) باشترە ، چونکە زۆرتر موحتاج و شیاوی ڕەحمی خودایەو باقی قورئان وەکو یاسین وەها خاوەن ئەوابە ، ئیتر مەنعی قورئان خوێندن لەو مەجلیسانە بێ جێگەیەو ، خوێندنی بــە سوودە • ( ئاگاداربن ) • ئەو کەسانە کە ئەڵێن ئەم کارانە بیدعەتەو بیدعەت گومڕاهی یە ، ئەوە خۆیان گومڕان چونکە نازانن ئەو بیدعەتــە گومڕاهی یە کە ( خارج ) بێ لە مەعنای قورئان و حەدیث و گرۆی ئوممەتی ئیسلام و بیروڕای زانــا موجتەهیدەکان ، ئەگەرنا هەرشتێ لەپاش زەمانی حەزرەت بووبێ ئێمە بڵێین بیدعەتە ، ئەوە گیرۆدەی زیان ئەبین • ئینسانی موسوڵمان واجبە بگەڕێتەوە بۆسەر حەق و ، پرسیار بکا لەوکەســانە کــە شەرعیان خوێندوەو عالمی گەورەن ، هەتــا لــە ئوسووڵی دنیــا سەر لێ تێك نەچێ •

ئەمە کورتە باسێك بوو لەمشوێنەدا عەرزم کردن بۆئەوەی هوشیار بن لــە ڕێگەی ئیسلام دوورنەکەونەوە •

## زیارەتی قەبر ••• چوونە سەر قەبران

چوونە سەر قەبران سوننەتی دینە
ئەمری ڕەهبەری ڕێگەی ئایینە
گەلێ جار ئەچوو حەزرەتی شەفیع
لەبۆ زیارەتی « جنة البقیع »
ئادابی وایە چوویتە زیارەت
ڕاوەستە بەشەرم بە بێجەسارەت

ژن دەرنەکەوێ ڕەنگ‌و ڕوخساری
پیاویش دەس نەکا بە ناهەمواری
لەسەر قەبرانا بە دڵێکی پاك
ڕاوەستن بەرەو قیبلەی شەرەفناك
یانێ ڕووبکەن لە قەبرو قیبلە
پشتی تێمەکەن وەك پیاوی سوفلە
بڵێن . سەلامی خوای پەروەردگار
لەسەر ئێوە بێت ئەی ئەهلی مەزار
ئێوە سابیق‌و ئێمە لاحیقین
بۆ ڕەحمی خودا گشت موستەحەققین
ئەمجا بەگوێرەی زەمان‌و مەکان
دەوری کەنەوە ئایاتی قورئان
لەسەر نیەتی وصوولی ثەواب
بۆ ڕۆحی هەموان بێ حەددو حیساب
ئیحسانی ئەوە بەگوێرەی ئاثار
ئەگا بە هەموان لەسەر ئیعتیبار
هەروا سوننەتە زیارەتی پیاوان
بە شەرتی ئەدەب ئەبێ بۆ ژنان
بەڵام با ژنان لەگەڵ مەحرەم بن
یا لەگەڵ ژنی بێ‌قڕەو دەم بن
ژن ئەگەر سەرپۆش بدەن بەسەردا
ئەگەڕێنەوە لەگەڵ ئەمەردا

زیارەتی گۆڕی باوكو دایكی خۆت
شەرعی پێغەمبەر ڕێگەی داوە بۆت
زیارەتی خوشكو براو برادەر
ڕەوابە لەسەر سوننەتی ڕەهبەر
حەزرەت ئەڕۆیشت بە دڵو بە گیان
لەبۆ زیارەتی هاوشیری عوسمان
كاتێ عوسمانیان داپۆشی بە خاك
حازر بوو لەوێ سەرداری دڵپاك
تەشریفی ڕۆیشت بەردێكی دانا
لەسەر قەبرەكەی عوسمانی دانا
فەرمووی ئەم بەردە نیشانە لەبۆم
تا لێم ون نەبێ قەبری برای خۆم
برای شیری بوو ، شێرە برا بوو
بۆ دڵی حەزرەت وێنەی چرا بوو
هەروا زیارەتی مامۆستایانت
زیارەتی وەلی نیعمەی زەمانت
زیارەتی قەبری مورشیدی سەربەرز
چرای ( ثریا ) بۆ ئەهلی سەرئەرز
هەروا زیارەتی باقی ئەولیا
دەلیلی ڕەحمەت بۆ ئەهلی دونیا
ئەمجا زیارەتی موجتەهیدەكان
ئەمجا صەحابی یا شەهیدەكان
جا زیارەتی قەبری ئەنبیا
لە هەر مەكانو شوێنێكی دونیا

ئەمجا زیارەتی حەزرەتی ڕەسوول
ڕەهبەری عالەم وەسیلەی وصوول
خۆزگە ڕێ ئەکەوت لە هەموو سالێ
لەهەموو وەزعێ و بە هەموو حالێ
زیارەتی ڕەوضەی بەرزی پێغەمبەر
بە صەفای دەروون دەروونی ئەنوەر
ئەوەندە نوورت ئەهێنایەوە
دڵت بە ئەنوار ئەحەسایەوە
بە سەفەر بڕۆی چەن ڕۆژە ڕێگە
هەتا بگەیتە خاکی ئەو جێگە
ئەو خاکە بۆ تۆ وەك کیمیایە
چون خاکی بەرپێی شای ئەنبیایە
ئەمانە هەموو بۆ ئێمە خەیرن
باعیثی صەفای سلوکو سەیرن
من عەرزت ئەکەم ئەی برای عەزیز
ئەی خاوەن عەقڵو شوعوورو تەمیز
کە ( لا تشد الرّحال ) بۆ دڵ
نەکەی بە دڕك لەسەر پەڕەی گوڵ
ئەو فەرموودەیە بۆ نوێژەکانە
لەبۆ هاوشانی مزگەوتەکانە
( شد الرحال )ی ڕەوا نەداوە
بۆغەیری سێ جێ لەڕووی دونیاوە
مەککەو مەدینەو ( مسجد الاقصی )
مەوریدی ئەنوار ئیستاکەو ئەوسا

له ( فتح الباری ) تەفصیلی ئەمە
بخوێنەرەوە گەلێ موهیممە
ئەگەر نا ( شد الرحال ) پێویستە
بۆ گەلێ مەقام بۆ دین مەبەستە
چون ( شد الرحال ) بۆ عیلمو عیرفان
یاخود بۆ جیهاد لەگەل کافران
یا بۆ تەداوی یا صیلەی ئەرحام
یا بۆ تیجارەت بە گوێرەی ئەییام
یا بۆ موهیممات لە ڕۆزگارا
بۆ دین پێویستە لە ئیعتیبارا
( شد الرحال ) یش حەلالە بۆ تۆ
یا فەرزە کاکە بزانە بۆ خۆ
ئیتر حەدیثێ بۆ مەوضوعێ هات
بوچی لای ئەدەی بە شێوەی نەهات
ڕەوضەی ئەنبیای کیرامی ڕەهبەر
بارانی نووریان ئەبارێتە سەر
بەتایبەت ڕەوضەی ڕەسوولی ئەکرەم
موحەممەد ( ختم المرسلین ) بە جەم
ڕۆحیان تێراوە بە نووری ڕەحمەت
پڕە لە فەیزی خەیرو بەرەکەت
ڕەوضەی ئەصحابو شوهەدای جیهاد
مەوریدی فەیزە لای ( رب العباد )
هەروەها ڕەوضەی ئەهلی ئیجتهاد
ئەمجار عولەمای تەربیەی عیباد

ڕەوضەی ئەولیای کیباری عالەم
پڕە لە ئەنوار یەقین موسەللەم
هەرکەس ئەوانە زیارەت بکا
بۆ قازانجی نوور تیجارەت ئەکا
ئەوەی دەماخی پڕ نەبێ لە زاخ
بە حەق بۆن ئەکا وەنەوشەو کوڵباخ
قەت بە بێ بەهرە ناگەڕێتەوە
بەفەیضی ئەنوار ئەحەسێتەوە
بەتایبەت یەکێ لە ئەهلی دڵ بێ
یاسای جەلبی نوور بۆ ئەو حاصڵ بێ
چون ڤوتووی عەطری بۆ ئەکرێتەوە
بە نەشئەی ئەنوار ئەگەشێتەوە

## تکاو نزا چۆن ئەبێ

بەڵام لەم شوێنە بە دڵ هوشیار بە
لە شەرعی ئیسلام باش خەبەردار بە
خودا خالیقە لە هەموو کارا
پەروەردگارە لە ڕۆژگارا
دڵخوازت چی بێ لای نەبیو وەلی
لە خوای بخوازە صەریحو جەلی
بەڵێ ڕەوایە بە دڵ بێیتە دەم
بڵێی ئەی خودای سەراسەر عالەم
لەبەر حورمەتی ئەم زاتە پاکە
لامدە لەو شەڕە کە خەتەرناکە

یا ئەو نیعمەتە کەرەم بکە پێم
دەرگای ئەو خێرە بکەرەوە لێم
ئەمە پێی ئەڵێن بەهرەی تەوەسسول
بە پایەو جاهی ئەنبیاو روسول
هەروا بە پایەو جاهی ئەولیا
یاخود بە جاهی گەلی ئەتقیا
هەروا بە پایەی کردەوەی چاکت
کارێ کرابێ بە لەشی پاکت
( أصحاب الرقیم )[١] وان لە ئەلکەهفا
حدیثەکەیان ( حسبی وکفی )
ئەمە بارێکە واریدە بە دین
لەسەر فەرموودەی خیر المرسلین
هەروا ڕەوایە برای خاتر جەم
بڵێیت یا ڕەسول ڕەهبەری عالەم
یاخود ئەی وەلی ئەی مەردی ئەکرەم
ئەی خاوەن تەقوا بێ زیادو کەم
دوعام بۆ بکەن بە بەرزی هیممەت
بۆ دەفعی زەحمەت یا جەلبی ڕەحمەت
ڕزگارم بکا لەو دوژمنانە
یا لەو میحنەتی ئاخر زەمانە
ئایەی ( أم حسب )[١] سورەی ( جاثیە )
لەبۆ ئیقناعی زاناکافی‌یە

---

(١) أم حسب الذین اجترحوا السیئات أن نجعلهم کالذین آمنوا وعملوا الصالحات ، سواء محیاهم ومماتهم . ساء ما یحکمون . سورة الجاثیة ، الآیة ٢١ .

ئەنبیاو ڕوسول هەموو وە جیهن
بۆ دوعاو نزا مایەی تەوجیهن
نەبی یا وەلی لە ئەرزو فەلەك
نابێ کەمتر بن لە گەلی مەلەك
بڕۆ بۆ ( لە" معقبات" )(١)
ئەمان زیاتر بەکەراماتن
دوعای وەجیهان گەلێ بەجێیە
ئینکاری ئەمە واتەی بێجێیە
مەدون بە بێ دڵ مەڕۆن بە بێچاو
ئیسانی بێ چاو وا لەگوێی کەناو
چاوی سەر نەبوو ئەکەویتە چاڵ
چاوی دڵ نەبوو ئەمری بە بێ حاڵ
نەکەی ئەم شوبهە ڕووی دڵت بگرێ
چۆن داوای دوعا لە مردوو ئەکرێ
لە زیندوو داوای دوعایە بکەی
لە ڕوحی ئەیکەی نەك لە لەشەکەی
ڕۆحیش ئەمێنێ لەدوای مردن
تۆیش ئەڕۆیتە لای بۆ دوعا کردن
طەلەبی دوعایش سوننەتی دینە
ئەیکا ئەوکەسەی، خاوەن یەقینە
بارێتر هەیە با بڵێم پێتان
تا ئەم مەوزووعە دەرکەوێ لێتان

---

(١) له معقبات من بين يديه ومن خلفه يحفظونه من امر الله • سورة الرعد ، الآية ١٣ •

ئەنبیاو ڕەسول هەمو وەجیهن
کاتێ موشکیلێ بێتە بەرچاوێ
بڕۆ بۆلایان قسەی پێ ناوێ
تۆ وای لە هیوای حەللی موشکیلت
خودایش ئاگایە لە دەردی دڵت
چوویتە بارەگای ئەولیای خودا
کارت بۆ ئەکا خودا بە خودا
چونکە ئەزانێ تۆ پەنا بەری
دەرگای دۆس ئەگری کە بە ڕەبەری
لای کوورەی ئاگر گەرم ئەبیتەوە
گەرما زۆری سەند پێی ئەتوێیتەوە
لەناو بەفرەدا سەرما داتئەگرێ
لە دەکەس نۆیان ئەڵێن وا ئەمرێ
موقتەضای حاڵە بۆ بەفرو ئاگر
سەردیو گەرمییان ( باطن )و ( ظاهر )
ناڵێی بە بەفر لەرزم لێبێنە
یا ئاگر فەرموو بێ بمسووتێنە
ئەولیا وێنەی دەرمانی دەردن
ئەمە ئەزانن ئەوانەی مەردن
ڕۆحی ئەولیا ڕۆژی ڕووناکە
مایەی ڕووناکی دەروونی پاکە
هەر باوەڕێکت بە خودا ببێ
مەقصوودت لەبۆ جێ بەجێ ئەبێ
ئەو کەسەی کە تۆ موشبەوەش ئەکا
بە غەشی دڵێ دڵت ڕەش ئەکا

خودا خالقە بۆ جوزئیو کوللی
سەبەبیشی بۆ کار مەکشووفەو جەلی
( وآتیناه من کل شیء
سببا ) نور بدون فییء
کەی مەنعی دەرمان کرا لە نەخۆش
کێ لە خودای خۆی ئەبێ فەرامۆش
صالحان بەندەن بەندەی دڵزیندوو
ناسالح خەستەن بەوێنەی مردوو
ئەم حەقایقە وەربگرن بە دڵ
بە دڵ ڕووناکی ئەگەن بە مەنزل
ئەگەر تۆ بڵێی ئەم جۆرە کارە
دەلیلی نی یە لەم ڕۆزگارە
من ئەڵێم هەرچی نەهیی تیا نەبێ
موباحە ئەگەر بۆ تۆ بێتەجێ
قورئان هاتەخوار لە بۆ ( استنباط )
بۆ کاری عالەم لە سەر ( انضباط )
گەر « اجتهادو استدلال » نەبێ
بەس ئەم قورئانە بۆ جوهال ئەبێ
دەم قەپان نی یە ئەحکامی ئیسلام
دەلیل پێوبستە لە بۆ خاصو عام
بابیبرینەوە کلافەی کەلام
ئەنجامی بێنین بە عەرزی سەلام
سەلام بۆ ڕوحی پاکی پێغەمبەر
یانێ ( محمد ) سەرداری بەشەر

بۆ ئەهلی بەیتی بۆ ئاڵو ئەصحاب
بۆ پەیڕەوانی تا ڕۆژی حیساب
( نامی ) یەکێکە ئا لەو کەسانە
بۆ شەمعی ڕووی ئەو بوو بەپەروانە
ئەگەر بسووتێ بە شەمعی ڕوخسار
یەقین ناسووتێ بە شەرارەی نار
لەسەر ( صراطا ) باڵ ئەگرێتەوە
هەتا لەسەر حەوز ئەنیشێتەوە
جامێ ئاو دێنێ لە ( حوض المورود )
زوو ئەیخواتەوە و ئەگا بە مەقصوود
لە پاش سەیرانی لە پانایی دەشت
بە شادی ئەڕوا بۆ باغی بەهەشت

## زیارەتی قەبر

لە سەرەتای ئیسلامیەتدا حەزرەت (ص) مەنعی موسوڵمانانی کرد لە زیارەتی قەبری مردووان ، بەڵام پاش ماوەیەک فەرمووی : ( كنت قد نهيتكم عن زيارة القبور ألا فزوروها فانها تذكر الآخرة ) یانێ لەمەوپێش مەنعی ئێوەم کردبوو لە چوونە سەر قەبران ، بەڵام ئیستە ئەو مەنعەم هەڵگرت ، بڕۆن زیارەتی قەبرەکان بکەن چونکە ئەو زیارەتە قیامەتتان ئەخاتەوە بیر •

چوونە سەرقەبران چەندجۆری هەیە ، یەکەم هەربۆ بیرکردنەوەیە لە پاشەڕۆژ ، ئەمە بەتێکڕا بۆ هەموو موسوڵمانان ئەبێ لە ناسراوو نەناسراو • دووهەم بۆ صیلەی ڕەحمە ، ئەمە تایبەتی یە بۆ باوک و دایک و

خزم‌و که‌س‌وکار • له حه‌دیثا هه‌یه ، هه‌رکه‌س هه‌موو جومعه‌یه‌ک زیاره‌تی باوک‌و دایکی بکا ، ئه‌وه وه‌کو حه‌جێکی کردبێ وایه ، سێهه‌م بۆ به‌جێ هێنانی حه‌قی صه‌داقه‌ت‌و دۆستی‌یه ، ئه‌مه‌ش بریتی‌یه له زیاره‌تی دۆستان‌و براده‌ران بۆ ئه‌دای حه‌ق‌و حوقووق ، چونکه دوعای خه‌یریان بۆ ئه‌کا ، وه‌یا فاتیحه‌یان بۆ ئه‌خوێنێ • چواره‌م : بۆ وه‌رگرتنی به‌ره‌که‌ت‌و پیرۆزی‌یه ، ئه‌مه‌یش چه‌ند نه‌وعه : یه‌که‌م وه‌کو زیاره‌تی ئارامگای حه‌زره‌تی پێغه‌مبه‌ر سه‌لامی خوای لێ بێ که فه‌رموویه‌تی : هه‌رکه‌س زیاره‌تی من بکا ئه‌وه شه‌فاعه‌تی بۆ ئه‌که‌م ، هه‌روا زیاره‌تی ئارامگای باقی پێغه‌مبه‌ره‌کان سه‌لامی خوایان له‌سه‌ر بێ یا خود زیاره‌تی ئارامگای دۆستانی خواو پیاوچاکان وه‌کو شاهی نه‌قشبه‌ند یا غه‌وثی گه‌یلانی یا باقی ئه‌ولیاکان خودایان لێ ڕازی بێ •

جا ئوسوولێ زیاره‌تی ئه‌وانه وایه یه‌که‌م جار ده‌ستنوێژ بگرێ • کاتێ ڕۆیشته ئه‌و ئارامگایه بلێت ( ألسَّلام عليكم دار قوم مؤمنين وانا ان شاء الله بكم لاحقون ) •

پاش ئه‌و سه‌لامه له لای قه‌بری فه‌خری عالەما له خوا بپاڕێته‌وه که پایه‌و مه‌قامی ئه‌وذاته به‌رز بکاته‌وه جا بپاڕێته‌وه بۆ ده‌فعی موصیبه‌ت له خۆی • یا بۆ جه‌لبی ڕه‌حمه‌ت‌و ئه‌نجامی خێر بۆ خۆی ، چونکه ئارامگای ئه‌م جۆره که‌سانه ، جێگه‌ی به‌ره‌که‌ت‌و پیرۆزی‌یه ، وه‌کو چۆن یه‌کێ ڕابووری به باغچه‌یه‌کدا بۆنی گوڵ ئه‌دا له ده‌ماخی ، وه‌ها له‌مه‌قامی ئه‌وانه‌یشندا ، ڕه‌حمه‌تی خوا ئه‌گات به دڵی • وه ئه‌گه‌ر هه‌رچه‌ند له ئایاتی قورئان بخوێنێ به نیازی ئه‌وه که ئه‌وابه‌که‌ی بگات به‌و زاتانه‌و ، له‌ئه‌نجامیشدا دۆعایان بۆ بکا ، ئه‌وه ئه‌وان ئیستیفاده‌ی لێ ئه‌که‌ن له‌سه‌ر فه‌رمووده‌ی گه‌لێ له عالمه‌کان ، یانێ له حه‌قیقه‌تا ئه‌م گه‌یشتنی ئه‌وابه جێگه‌ی خیلافه ، به‌لام بیری به‌هێزو فیکری به‌رزی زانایان له‌سه‌ر ئه‌وه‌یه

له : ئەو ئەوابەیان پێ ئەکات ، خاوەنی ئەم بیرە ئەڵێکن لـەزانـاکانـی مەزهەبی شافیعیو حەنەفیو مالکیو حەنبەلی •• ئێمــە باوەڕمان هــەیەو خودایش دەرگای کەرەمی زۆر کوشادە •

ئەساسی ئەم باوەڕە ئەوەیە : کە بە گوێرەی فەرموودەی حەزرەت (ص) قورئــان خوێندن ئەوابی زۆرە وە لەسەر هەر حەرفێ دە ئــەواب هەیەو دۆعاکردن بۆ مردوو یا زیندوو سوودبەخشە بە (نص)ی ئایەت ، جـا ئێمە قورئانەکە ئەخوێنینو ( اهدا )ی میسلی ئەوابەکەی ئەکەینو دوعایشیان بۆ ئەکەین ، ئیتر چاومان لەوانەی ( مخالف ) دوە نییە ، کـە بە بێدەلیل بۆ خۆیان قسە ئەکەن ، بەڵام زیارەت کردنی ژنان بۆ ســەر قەبران بەو مەرجە دوروستە یا مەحرەمیان لەگەڵا بێ ، یاخود لەگەڵ دوو سێ ژنی وادا بێت کە شەرمیان لێ بکرێو خۆیان دەرنەخەن تا نامەحرەم تەماشایان بکاو ، بۆ گریانو هەڵ خۆندنیش بە مردووەکانا نـەڕۆن • ئەمە یەکێکە لە ئادابی زیارەتی قەبران هیوام وایە ڕەفتاری پێبکەن ، ن شاء الله ئەبێ بەهۆی جــەزای خێر بۆ خۆتــانو تاوانپۆشی ، یـان بەرزکردنەوەی پایەی ئەوان لەلای خوای تەعالا ••

وصلی الله علی سیّدنا محمّد واله وصحبه واتباعه باحسان الی یوم الدّین وآخر دعوانا ان الحمد لله رب العالمین •

تەواو بوو نووسینی ئەم کتێبە پیرۆزە لەلایــەن موحتاجی ڕەحــمی خوای ( ارحم الراحمین ) عبدالکریــم محمد مودەڕیسی مــەدرەســەی حەزرەتی شیخ عبدالقادری گەیلانییەوە لە شاری بەغدا لە ساڵی ١٤٠٥ی کۆچیو ١٩٨٤ی زاینی •

# ناواخــن